کرێکارانی جیهان یەکگرن!

# گۆڤاری پێشڕەو

٤٧٣

گۆڤاری پێشڕەو – ئۆرگانی کۆمەڵە (ڕێکخراوی کوردستانی حیزبی کۆمۆنیستی ئێران)

دەوری سێهەم – ژمارە ٤٧٣ – گەلاوێژی – ئاگۆستی ٢٠٢٥

## کۆنگرەی ١٩ی کۆمەڵە بەڕێوەچوو







### پەیامی کۆنگرەی ١٩ی کۆمەڵە بۆ بنەماڵەی گیانبەختکردووان

### پەیامی کۆنگرەی ١٩ی کۆمەڵە
### بۆ زیندانیانی سیاسی و ئیدانەکردنی توندی سەرکوتگەری ڕژیمی ئیسلامی

### بۆ یادی هەزاران زیندانی کۆمەڵکوژکراو لە دەیەی خوێناوی ١٣٦٠دا؛
### کوشتاری هاوینی ٦٧ ئەو برینەی ئێستاش سارێژ نەبووەتەوە

### کەمپەینی سێشەممەکانی
### نا بۆ ئێعدام
### لە هەشتاهەمین حەفتەدا؛
### پێویستە پشتیوانی لەم هەڵمەتە
### هەرچی زیاتر پەرەپێبدەین




### تووڕەیی و نارەزایەتی گشتی لەئاست
### بڕانی بەردەوامی بەرق



**سەروتار**

## ڕاگرتنی جینۆساید و داگیرکاری دەوڵەتی ئیسرائیل لە غەززە
## لە گرەوی پەرەسەندنی بزووتنەوەی جیهانی هاوپشتی لەگەڵ خەڵکی فەلەستیندایە

بەرەبەیانی ڕۆژی هەینی ١٧ی مانگی گەلاوێژ، دەوڵەتی ئیسرائیل لە درێژەی جینۆساید لە کەرتی غەززە، پلانێکی پێنج خاڵی سەبارەت بەو کەرتە پەسەند کرد. بەپێی ئەم پلانە جنایەتکارانەیە، ئەرتەشی ئیسرائیل لەماوەی دوو مانگی داهاتوودا ئەو ٢٥ لەسەدەی کە لە کەرتی غەززە ماوەتەوە داگیر دەکات. ئەرتەشی ئیسرائیلیش ڕایگەیاندووە کە بۆ ئەم کارە ئامادە دەبێت. پێنج ماددەکەی دەوڵەتی ئیسرائیل بریتین لە: «کۆنترۆڵی نیزامی تەواوی کەرتی غەززە لەلایەن ئەرتەشی ئیسرائیل، چەک کردنی کامڵی ڕێکخراوی حەماس، گەڕاندنەوەی هەموو بەدیلگیراوانی زیندوو یان کوژراوی ئیسرائیل، پاک کردنەوەی کەرتی غەززە لە چەک و غەیرە نیزامی کردنی. کۆنترۆڵی ئەمنیەتی ئیسرائیل بەسەر غەززە و پێکهێنانی دەوڵەتێکی غەیری نیزامی کە نە حەماس تێیدا حزووری هەبێت و نە تەشکیلاتی خودگەردانی فەلەستین بە ڕێبەری مەحموود عەباس»

بەڵام بەگوێرەی ڕاپۆرتی میدیاکانی ئیسرائیل، بەشێک لە فەرماندەکانی ئەرتەشی ئیسرائیل لەنێویاندا ژەنەڕاڵ زەمیر، سەرۆکی ستادی ئەرتەشی ئیسرائیل، دژایەتی خۆیان بۆ ئەم پلانە ڕاگەیاندووە و هۆشدارییان داوەتە نەتانیاهۆ کە «کردەوەیەکی لەو شێوەیە جگە لەوەی گیانی بەدیلگیراوان دەخاتە مەترسییەوە، دەبێتە تەڵەی مەرگ بۆ سەربازانی ئیسرائیلیش». بڕیاری داگیرکردنی تەواوەتی غەززە دوای ئەوە دێت کە دوایین خولی دانوستانەکانی نێوان دەوڵەتی ئیسرائیل و حەماس لە قەتەر بەبێ ئەنجام کۆتایی هات. شایانی باسە پێنج ئامانجی ڕاگەیەندراوی حکوومەتی نەتانیاهۆ لە کاتێکدایە کە هیچ کام لەو سێ ئامانجە سەرەتاییەی کە لە دەستپێکی شەڕدا دیاری کردبوو واتە لەناوبردنی حەماس، ئازادی بەدیلگیراوان و پێکهێنانی ئەمنیەت بۆ ئیسرائیل نەهاتووەتە دی و دەوڵەتی ئیسرائیل لەم بوارەدا تووشی شکست بووە.

پلانی تاوانکاری حکوومەتی نەتانیاهۆ بۆ داگیرکردنی تەواوی

کەرتی غەززە، ڕووبەڕووی دژایەتی و کاردانەوەی بەرفراوانی پارت و دامەزراوە نێونەتەوەییەکان و بزووتنەوە و تاکەکانی چەپ و کۆمۆنیست و کەسایەتییە سیاسییەکانی دیکەی ناوەوە و دەرەوەی ئیسرائیل بووەتەوە. لەم پێوەندییەدا، ناڕەزایەتی و خۆپیشاندانی بەرفراوان لەدژی شەڕی غەززە، کە سەدان هەزار کەسی تێدا بەشدارن، لە سەرانسەری جیهاندا بەڕێوەدەچێت. ڕۆژی شەممە ١٨ی مانگی گەلاوێژ زیاتر لە ١٠٠ هەزار کەس لە خەڵکی ئیسرائیل لە تێلاڤیڤ



لەسەر بانگەوازی بنەماڵەی بەدیلگیراوان هاتنە سەر شەقامەکان و بە وتنەوەی دروشم و بە هەڵگرتنی پلاکارد و وێنەی بەدیلگیراوان و گیانبەختکردووانیان، لەدژی درێژەی شەڕ و کوشتار و خوێنڕشتن خۆپیشاندانیان بەڕێوەبرد. لە هەمان کاتدا دەیان هەزار خۆپیشاندەر بەرامبەر بە پلانی حکومەت بۆ داگیرکردنی تەواوەتی غەززە لە سەرانسەری ئیسرائیل ناڕەزایەتیان دەربڕی. ناڕازییانی ئیسرائیلی لەوانە ئەندامانی بنەماڵەی هەموو بەدیلگیراوان و بەتایبەت ئەو ٥٠ کەسەی کە لە ئێستادا لەدەستی حەماسدان کە گۆیا تەنیا ٢٠ کەسیان زیندوو ماونەتەوە، نیگەرانی ئەوەن کە ئەم پلانە گیانی بەدیلگیراوان بخاتە مەترسییەوە. ئەوە لە کاتێکدایە کە ڕاستگەرایانی توندڕەو و فاشیستی ئیسرائیل هەروا تەپڵی درێژەی ئەم شەڕە کۆنەپەرستانە و نامرۆڤانەیە دەکوتن و داوایان لە نەتانیاهۆ کردووە کە هێرشی نیزامی توندتر لەدژی حەماس ئەنجام بدات.

بنەماڵەی بەدیلگیراوانی ئیسرائیل لەگەڵ حیزبە ئۆپۆزیسیۆنەکانی دەوڵەتی نەتانیاهۆ داوایان لە کارمەندانی دەوڵەت و شیرکەتەکان و کاسبکارانی بازاڕ و هەموو خەڵکی ئیسرائیل کردووە کە لە ناڕەزایەتی بەدژی سیاسەتی داگیرکردنی تەواوی غەززە، ڕۆژی یەکشەممە ١٧ی مانگی ئاگۆست دەست بدەنە مانگرتنی گشتی. ئەوان هیوادارن کە دەوڵەتی فاشیستی ئیسرائیل لە ژێر فشاری بیروڕای گشتیدا ناچار بە پاشەکشە لەم بڕیارە جینایەتکارانەیە بکەن. درێژەی ٢٢ مانگ شەڕ لە غەززە، کۆمەڵگای ئیسرائیلی تووشی ناکۆکی و چەند دەستەیی کردووە. زۆربەی کۆمەڵگا خوازیاری کۆتایی شەڕ و گەیشتن بە ڕێککەوتن بۆ ئازادی بەدیلگیراوانن. بەڵام گرووپێکی دیکە خوازیاری درێژەی شەڕ هەتا لەناوچوونی یەکجاری حەماسن. گرووپێکیش خوازیاری لەسەرکارلاچوونی نەتانیاهۆی شەڕخوازن.

لەژێر فشاری ناوخۆیی و دەرەکیدا ڕۆژی یەکشەممە ١٩ی گەلاوێژ، نەتانیاهۆ لە هەڵوێستێکی لاواز و دیفاعیدا ڕایگەیاند:

«ئامانجی ئێمە لە پەرەپێدانی بەرینایی هێرشەکان، ئازادکردنی غەززە لە دەستی حەماسە نە داگیرکردنی. چارەیەکمان نییە بێجگە لە ئەوەیکە حەماس شکست بدەین و کارەکە تەواو بکەین». نەتانیاهۆ لە ڕوونکردنەوەی زیاتری قسەکانیدا، وێڕای دانپێدانان بەوەیکە ٧٠ تا ٧٥ لەسەدی غەززە لەژێر کۆنترۆڵی نیزامی ئیسرائیلدایە وتی: «حەماس هێشتا دوو پایەگای گرینگی هەیە. یەکیان شاری غەززەیە و ئەوی تر کەمپی ناوەندی پەنابەرانە. دەستوورم بە ئەرتەش داوە ئەم دوو پایەگایە لەناوبەرن». ئەم فەرمانە جنایەتکارانەیە بەمانای هێرش بۆسەر ئەو کەمپانەیە کە زیاتر لە یەک ملیۆن و نیو ئینسانی ئاوارەی شەڕی تێیدا پەنایان گرتووە

ئەم فەرمانە جنایەتکارانەیە ئەگەر بەکردەوە دەربێت بێگومان کارەساتێکی ئینسانی لێدەکەوێتەوە. هەر ئەم هۆکارە بووەتە بابەتی ناڕەزایەتی زۆر لە ناوخۆ و دەرەوەی ئیسرائیل، تەنانەت لەلایەن حکوومەتەکانی لایەنگری ئیسرائیلیشەوە. لە زۆرێک لە وڵاتان ئەو پلانەی حکوومەتی نەتانیاهۆ بە شێوەیەکی بەرین ناڕەزایەتی هێز و لایەن و بیروڕای چەپ و پێشکەوتنخوازی کۆمەڵگای لێکەوتەوە. هەفتەی ڕابردوو خۆپیشاندانێکی بێ وێنە لە شاری سیدنی پایتەختی ئوسترالیا بە بەشداری ٣٠٠ هەزار کەس لە دژی شەڕی غەززە بەڕێوەچوو. ڕۆژی شەممە ١٨ی مانگی گەلاوێژ، خۆپیشاندانێکی بەرین لە لەندەن دژی قەدەغەکردنی چالاکییەکانی ڕێکخراوی «کردەوە بۆ فەلەستین» بەڕێوەچوو کە تێیدا نزیکەی ٥٠٠ خۆپیشاندەر لەلایەن پۆلیسەوە دەستگیرکران. بەپێی ڕاپۆرتی ئەسۆشێتد پرێس، بڕیاربوو خۆپیشاندەران لە ناوەڕاستی لەندەنەوە بەرەو شوێنی نیشتەجێبوونی سەرۆک وەزیران ڕێپێوان بکەن و داوا بکەن یاسای قەدەغەکردنی چالاکییەکانی «کردەوە بۆ فەلەستین» وەک ڕێکخراوێکی تیرۆریستی، کە مانگی ڕابردوو پەسەندکرا، هەڵبوەشێتەوە

هەر لەو پێوەندییەدا، ڕۆژی یەکشەممە ١٩ی گەلاوێژ، ئەنجومەنی ئاسایشی نەتەوە یەکگرتووەکان لەسەر داوای وڵاتانی ئەندامی ئەنجومەنەکە جگە لە ئەمریکا، کۆبوونەوەیەکی بەپەلەی سەبارەت بە پلانی حکوومەتی ئیسرائیل بۆ داگیرکردنی تەواوەتی غەززە ئەنجامدا و دژایەتی توندی خۆی بۆ ئەم هەنگاوەی ئیسرائیل دەربڕی. هەروەها لەژێر فشاری ڕای گشتیدا، وەزیرانی دەرەوەی ئیسپانیا، ئیسلەند، ئیرلەند، ماڵت، لۆکزامبۆرگ، نۆروێژ، پۆرتەغاڵ و ئیسلۆنی لە بەیاننامەیەکی هاوبەشدا ڕایانگەیاند کە ئەم بڕیارە «تەنها قەیرانی مرۆیی توندتر دەکاتەوە و ژیانی بەدیلگیراوان زیاتر دەخاتە مەترسییەوە»

بەڵام واقیعیەت ئەوەیە کە تەنیا ناڕەزایەتی بەرین و ڕوو لە گەشەی کرێکاران و جەماوەری ئازادیخواز و بەرابەری تەڵەب لە ناوەوەی ئیسرائیل و پەرەسەندنی بزووتنەوەی هاوپشتی لەگەڵ خەڵکی فەلەستین لە ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و سەرتاسەری جیهانە کە دەتوانێ تەرازووی هێز بە قازانجی خەڵکی فەلەستین بگۆڕێت و دەتوانێ کۆتایی بە جینۆساید و داگیرکاری دەوڵەتی ئیسرائیل بهێنێت

❋❋❋

# کۆنگرەی ١٩ی کۆمەڵە بەڕێوەچوو

کۆنگرەی ١٩ی کۆمەڵە - ڕێکخراوی کوردستانی حیزبی کۆمۆنیستی ئێران لە ڕۆژانی هەینی، شەممە و یەکشەممە ١٠، ١١ و ١٢ی گەلاوێژی ساڵی ١٤٠٠ بەرابەر لەگەڵ ١، ٢ و ٣ی ئاگۆستی ٢٠٢٥ بەڕێوەچوو. کۆنگرە لە دوو ساڵۆنی (فرانکفۆرت - ئاڵمان و سلێمانی - هەرێمی کوردستان) و هەروەها بە ئامادەبوونی کۆمەڵێک لە نوێنەرانی کۆنگرە کە بە شێوەی ئانلاین و لە ڕێگەی تۆڕە کۆمەڵایەتیەکانەوە بەشداریان کردبوو بەڕێوەچوو. لەم کۆنگرەیەدا لەسەر بانگهێشتی کۆمیتەی ناوەندی کۆمەڵە، چەندین هەیئەت لەوانە کۆمیتەی کوردستانی حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاری - حێکمەتیست، ڕێکخراوی کوردستانی ئیتحادی سۆسیالیستی کرێکاری، شورای هاوکاری هێزە چەپ و کۆمۆنیستەکانی کوردستان، بەدیلی کۆمۆنیستی عێراق، کۆبەری ڕاپەڕیوانی شۆڕشگێر و کەسایەتییە چەپ و سۆسیالیستە سەربەخۆکان بەشداریان کرد. کۆنگرە بە سروودی ئەنترناسیۆناڵ، سروودی هاوپشتی جیهانی چینی کرێکار و ڕاگرتنی یەک دەقیقە بێدەنگی بۆ ڕێزگرتن لەیادی ئەو هاوڕێیانەی کە لە ماوەی کۆنگرە ١٨ و ١٩ی کۆمەڵە گیانیان لەدەست داوە و هەروەها بۆ ڕێزگرتن لە یادی سەرجەم گیانبەختکردووانی ڕێگای ئازادی و سۆسیالیزم دەستی پێ کرد. بێدەنگییەکە بە خوێندنی سروودی "پەلکی داری شادی گشتین" لە لایەن هاوڕێ هادی پیرخزریەوە شکێندرا. کۆنگرە دوای پەسەندکردنی ئیعتبارنامەی ئەندامان و ڕاگەیاندنی بەشداربوونی زۆربەی ئەوان لە کۆبوونەوەکەدا، و ڕاگەیاندنی فەرمیبوونی کۆنگرە لەلایەن هەیئەتی بەڕێوەبەرەوە، کاری خۆی دەستپێکرد

پاشان هاوڕێ حەسەن شەمسی، دەبیری کۆمیتەی ناوەندیی کۆمەڵە وێڕای ڕێزگرتن لە یادی ئەو سێ ژینگەپارێزەی لەم دواییەدا لە ئاگرکەوتنەوەی بەرزاییەکانی ئاویەری سنەدا گیانیان بەختکرد، بۆ جارێکی تر هاوەدردی کۆمەڵەی لەگەڵ بنەماڵەی ئەم ئازیزانە ڕاگەیاند. هاوڕێ حەسەن لە وتاری کرانەوەی کۆنگرەدا وێڕای ئاماژە بە قەیرانی پێکهاتەیی نیزامی سەرمایەداری و هەوڵی دەسەڵاتەکانی سەرمایەداری بۆ کۆنترۆڵکردنی ئەم قەیرانە و ئاماژە بە هاوکات بوونی پەرەسەندنی ئەم قەیرانە لەگەڵ لاوازبوونی پێگەی ڕێبەرایەتی ئەمریکا بەسەر جیهان و ئاکامەکانی، تیشکی خستە سەر درێژەی شەڕی ئیمپریالیستی لە ئۆکراین و جینۆسایدی دەوڵەتی ئیسرائیل لەدژی خەڵکی فەلەستین لە غەززە و تایبەتمەندییەکانی قۆناغی گوزاری ئێستا لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا. ئەم قەیرانانە و بارودۆخی شڵەژاوی جیهان هاوکات لەگەڵ پەرەسەندنی ڕەوتە ڕاستە توندئاژۆ و نێئۆفاشیستەکان، بەستێنی بابەتی بۆ گەشەی ناڕەزایەتی کرێکاری و باقی بزووتنەوە پێشڕەوە کۆمەڵایەتییەکان لەدژی جیاکاری نەژادی و جنسیەتی، لەدژی شەڕ و نەسلکوژی دەوڵەتی ئیسرائیل و لە دیفاع لە ژینگە لە ئەمریکا و ئورووپا و سەرتاسەری دنیا فەراهەم کردووە. لەم وتارەدا وێڕای ئاماژە بە قەیرانی قووڵی ئابووری و کۆمەڵایەتی، ژئوپۆلیتیکی و قەیرانی مەشرووعییەتی ڕژیمی کۆماری ئیسلامی و ئاکام و کاریگەرییەکانی شەڕی دوازدە ڕۆژە و توندبوونەوەی ململانێ و کێشمەکێشی ناو حکوومەت، لەسەر پێویستی درێژە و گەشەی بزووتنەوە

کۆمەڵایەتی و ناڕەزایەتییەکان لە سەرتاسەری ئێران تەئکید کرا. لەم وتارەدا بەلەبەرچاوگرتنی ڕۆڵ و پێگەی بزووتنەوەی شۆڕشگێڕانەی ژینا لە ئاڵوگۆڕە سیاسییەکانی ئێران، ئەم واقعییەتە تەئکیدی لەسەر کرا کە چۆن خەڵکی کوردستان بە بەشداری بەرین و بەگوڕوتینی خۆیان لەم بزووتنەوە شۆڕشگێڕانە و سەرتاسەرییەدا کە ئامانجی ڕووخاندنی کۆماری ئیسلامی بوو، لە ئاستی کۆمەڵایەتیدا ستراتیژی ڕەوتە ناسیۆنالیستەکان واتە دڵ بەستن بە دەستوەردانی دەسەڵاتی دەرەکی، وە یان ئومێد بەستن بە دانوستان و دیالۆگ لەگەڵ ڕژیمی ئیسلامییان بردە ژێر پرسیارەوە. لە کۆتاییشدا گرینگی گەشەپێدان بە بزووتنەوە ناڕەزایەتی و کۆمەڵایەتییەکان لە کوردستان و گرینگی کار و چالاکی ڕێکخراو و بەهێز کردنی ئیعتباری کۆمەڵایەتی کۆمەڵە لەسەر بەستێنی ئەم چالاکییانە تەئکیدی لەسەر کرا

لە درێژەی کاری کۆنگرەدا نوێنەرانی ئامادەبووی حیزب و ڕێکخراوەکان، وتار و پەیامەکانیان پێشکەش کرد و هیوای سەرکەوتنیان بۆ کۆنگرە خواست و لەسەر پێویستیی بەهێزکردنی هاوکارییەکانی هەتا ئێستا تەئکیدیان کرد و چاوەڕوانییەکانی خۆیان لە کۆنگرەی ١٩ و کۆمەڵە لەم قۆناغە وەرچەرخاوە سیاسییە لە ئێران و کوردستان دەربڕی کە لەلایەن بەشداربووانی کۆنگرەوە بە گەرمی پێشوازی لێکرا

*****

دوای پەیامەکان، کۆنگرەی ١٩ی کۆمەڵە دەستووری کارەکانی خۆی بەڕێوەبرد. تاوتوێکردن و لێکدانەوەی ڕاپۆرتی سیاسی و تەشکیلاتی و بەڵگە پێشنیارکراوەکانی کۆمیتەی ناوەندی کۆمەڵە یەکێک لە دەستوور جەلەسە سەرەکییەکانی کۆنگرە بوو. لەم بەشەدا یەکێک لە ئەندامانی کۆمیسیۆنی تەداروک ڕاپۆرتی بارودۆخی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستی بەسەرەنجدان بە هەلومەرجی جیهانی پێشکەش بە کۆنگرە کرد. ئاڵوگۆڕەکانی جیهان لەماوەی سێ ساڵی ڕابردوو، بەتایبەت هەلومەرجی گشتی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بۆ نموونە شکستی ستراتیژی ناوچەیی ڕژیمی کۆماری ئیسلامی و لێکهەڵوەشانی هێزەکانی "میحوەری موقاومەت"، جینۆسایدی دەوڵەتی ئیسرائیل لەدژی خەڵکی فەلەستین لە کەرتی غەززە و ئاکامەکانی، بارودۆخی لۆبنان لەدوای هێرشی ئەرتەشی ئیسرائیل و ئەو زەربە قورسانەی لە حیزبوڵڵا درا، بارودۆخی قەیراناوی عێراق، کەڵک وەرگرتنی حوسییەکانی یەمەن لە پێگەی ژئۆپۆلیتیکی ئەم وڵاتە و بۆ نائەمن کردنی هێڵەکانی کەشتیڕانی لەم ناوچەیە و بۆمبارانی بنکەکانیان لەلایەن ئەمریکا، بریتانیا و ئیسرائیل، درێژە و پەرەسەندنی قەیرانی ئابووری و سیاسی لە تورکیە و پەرەسەندنی سیاسەتی سەرکوتگەرانە و فراوانخوازی دەوڵەتی ئەردۆغان، بڕیاری پەکەکە بۆ چەکدانان و هەڵوەشانەوەی ئەم حیزبە لەژێر فشاری دەوڵەتدا و ئاکامەکانی لەسەر بارودۆخی تورکیە و ناوچەکە، ئەو میحوەرانە بوون کە لەم ڕاپۆرتەدا خرانە بەر باس و لێکۆڵینەوە.

میحوەرێکی دیکەی دەستووری جەلەسەی یەکەم، ڕاپۆرتی بارودۆخی سیاسی ئێران، کوردستان و ئەرکەکانی کۆمەڵە بوو کە لەلایەن یەکێک لە هاوڕێیانی کۆمیسیۆنی تەداروکەوە پێشکەش کرا. لەم ڕاپۆرتەدا وێڕای نیشاندانی وێنەیەکی گشتی لە پێگەی ئێستای ڕژیمی کۆماری ئیسلامی و ئاکامی شەڕ و کێشمەکێشی ڕژیم لەگەڵ ئیسرائیل و ئەمریکا و دەسەڵاتەکانی ئورووپا لەسەر بەرنامەی ئەتۆمی و دەورونەخشی لە ناوەندەکانی قەیرانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، بەسەرنجدان بە بزووتنەوەی ژینا و بەشداری بەرین و پڕگڕوتینی خەڵکی کوردستان لەم بزووتنەوە شۆڕشگێڕانەیە، پێگەی بزووتنەوەی شۆڕشگێڕانەی کورستان، بزووتنەوەی کرێکاری، بزووتنەوەی ژنان، بزووتنەوەی خوێندکاری و ئاسۆی ڕێکخستن و پێشڕەوی ئەم بزووتنەوانە تاوتوێ کران و لەسەر زەروورەتی پەرەپێدانی ئەم بزووتنەوانە تەئکید کرا. هەڵسەنگاندنی ئۆپۆزیسیۆنی بورژوازیی ئێران، پێگەی ئەحزابی ناسیۆنالیست لە کوردستان و پێگەی بزووتنەوەی چەپ و کۆمۆنیستی لە ئێران و پێگەی شۆرای هاوکاریی هێزە چەپ و کۆمۆنیستەکانی کوردستان، میحوەرەکانی دیکەی ئەم بەشە لە ڕاپۆرتی سیاسی بوون. لە بەشی کۆتایی ئەم ڕاپۆرتەدا، لەژێرناوی ئەرکەکانی کۆمەڵە لە کوردستان، وێڕای ڕیزکردنی گرینگترین ئەرکەکانی کۆمەڵە لەم قۆناغەدا، گرینگی پەرەپێدان بە بزووتنەوە ناڕەزایەتی و کۆمەڵایەتییەکان لە کوردستان و دەورونەخشی هەڵسووڕاوانی



کۆمەڵە لە مەحەل، وە پەرەپێدان و یارمەتیدانی ئەم بزووتنەوانە تەئکیدی لەسەر کرا. ڕێبەران و هەڵسووڕاوانی کۆمەڵە کە لە جەرگەی ئەم بزووتنەوانە و لەسەر بەستێنی چالاکییەکانی ئێستادا پەروەردە بوون دەتوانن ڕۆڵێکی بەرچاو لە هێنانە مەیدانی جەماوەری ناڕازی و ڕێکخستنیان لەم دەورەیەدا ببینن. بەشداری بەرچاو لە بزووتنەوەی ناڕەزایەتی کرێکاران، ژنان، موعەلیمان، خانەنشینان، پەرستاران، خوێندکاران و بزووتنەوەی پاراستنی ژینگە و هەوڵ بۆ پێکهێنانی کۆمیتەکان، شۆراکان و باقی ناوەندە جەماوەرییەکان لە گەڕەکانی شار و گوندەکان، ئەو ئیمکانە فەراهەم دەکات کە لەگەڵ سست بوونەوەی پایەکانی دەسەڵاتی ڕژیم لە کوردستان و پاشەکشە کردنی، ژنان و پیاوانی ڕێکخراو لەناو شۆراکان و ناوەندەکانی دەسەڵاتی جەماوەری، کۆنترۆڵی ئەوزاع و ئیدارە و بەڕێوەبردنی کۆمەڵگا بگرنە دەست و ڕێگە نەدەن ئەحزابی ناسیۆنالیست لەسەرەوەی ئیرادەی جەماوەری کرێکار و زەحمەتکێش و ستەملێکراوی کوردستان، دەسەڵات زەوت بکەن. هەر لەو بەشە لە باسەکاندا وێڕای ئاماژە بەم واقعییەتە کە ئێستا چەندین لایەنی جۆراوجۆر لە کوردستان لەژێرناوی کۆمەڵەدا چالاکی دەکەن، وە بەو پێیەی میدیاکانی بورژوازی، جەریان یان جەریان گەلێک وەک کۆمەڵە بە بیروڕای گشتی دەناسێنن کە زیاتر لە دوو دەیەیە لە هەموو بنەمای فکری و سوننەتی شۆڕشگێڕانە و پێشڕەوی کۆمەڵە دوور کەوتوونەتەوە، وە ئەم واقعییەتە زیانی بە ئیعتبار و پێگەی کۆمەڵایەتی کۆمەڵە وەک جەریانێکی کۆمۆنیستی و بەرگریکاری لێبڕاوی بەرژوەندی کرێکاران و زەحمەتکێشانی کوردستان گەیاندووە، یەکێک لە گرینگترین ئەرکەکانی کۆمەڵە لەم دەورەیەدا بەهێزکردنی پێگە و ئیعتباری کۆمەڵایەتی کۆمەڵە وەک ڕەوتێکی کۆمۆنیستییە.

چالاکانی کۆمەڵە لە شارەکانی کوردستان بە ڕێبەرایەتی کردنی بزووتنەوە ناڕەزایەتی و کۆمەڵایەتیەکانی کوردستان و بە دەورونەخش نواندن ڕێکخەرانە دەتوانن ڕۆڵێکی گرینگیان لە جێبەجێ کردنی ئەم ئەرکەدا هەبێت

پرسی نەتەوەیی کورد، پێگەی ئەحزابی ناسیۆنالیست و ئەرکەکانی کۆمەڵە بەڵگەیەکی پێشکەشکراوی دیکە بە کۆنگرە بوو کە لەم دەستووری جەلەسەیەدا درایە بەر باس و لێکۆڵینەوە. دوایین ئاڵوگۆڕەکان لە بەشە جۆراوجۆرەکانی کوردستان، پرسی نەتەوەیی کوردیان وەک مەسەلەیەکی عەینی و ئۆبژێکتیڤ وە لەهەمان کاتدا چارەسەرنەکراو، کردووەتە بابەتێکی حاشاهەڵنەگر لە شیکردنەوەی بارودۆخی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا. لەم هەلومەرجەدا کۆمۆنیستەکان و کۆمەڵە بەشێوەی دیاریکراو، لە درێژەی چالاکی و دەورونەخشی هەتا ئێستایاندا، دەبێ لە ڕوانگەی بەرژوەند و قازانجی خەڵکی کرێکار و زەحمەتکێش و ستەملێکراوی کوردستان بۆ چارەسەرکردنی ئەم پرسە کۆمەڵایەتییە و بۆ کۆتایی هێنان بە ستەمی نەتەوایەتی بەرنامە و ستراتیژی ڕوون و پراتیکی چالاکی هەبێت و مەسەلەی کورد ببێتە ئامرازێک بۆ سات و سەودای ئەحزاب و لایەنە ناسیۆنالیستەکان لەپێناوی بەشخوازییان لە دەسەڵات و ڕێگە نەدەن ببێتە ئامرازێک لە دەستی دەسەڵاتە ناوچەیی و جیهانییەکاندا بۆ پێشخستنی پیلانە ناوچەییەکانیان. ڕەوتی بابەتیی بارودۆخی ئێستا ئەو واقعییەتەمان پێ دەڵێ کە ئاڵوگۆڕە ئابووری و کۆمەڵایەتییەکان لەئاستی جیهان و وڵاتانی ناوچەکەدا بەتایبەت لەو وڵاتانەی کە لەگەڵ مەسەلەی کورد بەرەوڕوون، کاریگەری لەسەر پێگەی بزووتنەوەی ناسیۆنالیستی لەم وڵاتانە، وە لەئاکامدا، کاریگەری لەسەر پێگەی ئەو حیزبانە کە لە جەرگەی ئەم بزووتنەوە و سوننەتەدا سەریان هەڵداوە، داناوە. سیاسەتی کرێکاری و سۆسیالیستی بۆ کۆتایی هێنان بە ستەمی نەتەوایەتی و بۆ چارەسەرکردنی مەسەلەی کورد دەبێ ئەم ئاڵوگۆڕانە لەبەرچاو بگرێت. بەو پێیەی زەرفییەت و ئەرکی مێژوویی چینی بورژوا و خاوەنانی سەروەت لە کوردستان و حیزب و هێزە ناسیۆنالیستانەکان بۆ دیموکراتیزەکردنی کۆمەڵگا و نەمانی ستەمی نەتەوایەتی دەمێکە کۆتایی هاتووە. لەئێستادا ئەم ئەرکە مێژووییە و ڕیشەکێش کردنی هەڵاواردن و نابەرابەری لەوانە کۆتایی هێنان بە ستەمی نەتەوایەتی بەشێوەی دیموکراتیک، لەسەر شانی چینی کرێکار و سۆسیالیستەکانە کە لەسەر بەستێنی خەباتی ئەم چینەدا چالاکییان درێژە دەدەن. بە سەرەنجدان بەوەیکە تەنیا بە بەشداری کرێکاران و زەحمەتکێشان و هەموو تاکەکانی خەڵکی کوردستان لە بەڕێوەبردنی ئابووری، کۆمەڵایەتی، سیاسی و فەرهەنگی کۆمەڵگا، مەسەلەی نەتەوەیی بەشێوەی دیموکراتیک و بەقازانجی کرێکاران و زەحمەتکێشان و خەڵکی ستەمێکراوی کوردستان چارەسەر دەبێت و کۆتایی بە ستەمی نەتەوایەتی دێت، کۆمەڵە هاوکات وێڕای تەئکید لەسەر مافی دیاریکردنی چارەنووسی خەڵکی کوردستان، لەسەر دەسەڵاتداریەتی شۆرایی خەڵکی کوردستان پێداگری دەکات

کۆمەڵە بەسەرنجدان بە سرووشتی چینایەتی و کۆنەپەرستانەی دەوڵەتی ئەمریکا و دەسەڵاتە سەرمایەدارییەکانی دیکەی جیهان و حکوومەتە سەرمایەدارییەکانی ناوچەکە و دەستوەردانیان لە ناوەندەکانی قەیرانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و دەورونەخشیان لە وێرانکردنی شارەکان، کوشتن و ئاوارە و بێ سەر پەنا کردنی خەڵکی ستەملێکراو لەم ناوچەیە، هەرجۆرە

ئومێد بەستن و دەست بە داوێن بوونی ئەحزاب و هێزە ناسیۆنالیست و ئیسلامییەکان بۆ دەخاڵەتی ئەم دەسەڵاتانە و چوونە ناو هاوپەیمانیەتی سیاسی، بەدژی بەرژەوەندی جەماوەری کوردستان دەزانێت و بۆ پووچەڵ کردنەوەی ئاکامە زیانبارەکانی لەسەر بزووتنەوەی شۆڕشگێڕانەی خەڵکی کوردستان لە هیچ هەوڵێکی بەرپرسانە دەریغ ناکات

*****

دوای ئەوەی ڕاپۆرتە سیاسییەکان و بەڵگەنامە پێشکەشکراوەکان خرانە بەر باس و پێداچوونەوەیان بۆ کرا و کولیاتەکەیان بە زۆرینەی دەنگ پەسەند کرا، کۆنگرەی نۆزدەهەمی کۆمەڵە ڕاپۆرتی کار و چالاکی بەشە جۆراوجۆرەکانی تەشکیلاتی کۆمەڵەی تاوتوێ کرد. لەم بوارەشدا یەکێک لە هاوڕێیانی ئەندامی کۆمیسیۆنی تەداروکی کۆنگرەی ١٩، ڕاپۆرتێکی سەبارەت بە بوارە جۆراوجۆرەکانی چالاکی کۆمەڵە لە ماوەی دوو کۆنگرەدا پێشکەش کرد. لەم بەشە لە باسەکاندا چالاکی تەشکیلاتی شارەکانی کوردستان، سایتی کۆمەڵە و تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان، چالاکی کۆمەڵە لە شۆرای هاوکاریی هێزە چەپ کۆمۆنیستەکانی کوردستان، پێگە و چالاکی هاوڕێیانی کوردستان، تەلەڤیزیۆنی کۆمەڵە، نوێنەرایەتی کۆمەڵە لە دەرەوەی وڵات، گۆڤاری پێشڕەو و بەشی ماڵی، خرانە بەر باس و لێکۆڵینەوە. کەموکوڕییەکان ڕەخنەیان لێ گیرا، پێشنیار و ڕێگاچارەش لەلایەن نوێنەرانی کۆنگرەوە بۆ بەرەوپێشبردن و باشترکردنی چالاکییەکانی ئۆرگانە جۆراوجۆرەکان خرانەڕوو

لە بەشی قەرار و قەتعنامەکاندا، قەتعنامەیەکی پێشنیارکراو لەلایەن کۆمیتەی ناوەندیی کۆمەڵە "لەدژی جینۆسایدی دەوڵەتی ئیسرائیل لە غەززە، لەدژی کۆچی زۆرەملی و لە هاوپشتی لەگەڵ خەڵکی ستەملێکراوی فەلەستین" خرایە بەر باس و بە زۆرینەی دەنگ پەسند کرا. هەروەها لەم بەشەدا قەرارێک پەسند کرا کە کۆمیتەی ناوەندی کۆمەڵە ئەرکدار دەکات کە بەیاننامەی مافەکانی ژن، پەسندکراوی کۆنگرەی دەی کۆمەڵە، بەپێی دەقێک کە خرابووە ئیختیار کۆنگرەوە، بەم زووانە بەڕۆژ و بڵاو بکاتەوە. بەپێی قەرارێکی تر کۆمیتەی ناوەندیی کۆمەڵە ئەرکدار کرا کە ڕاپۆرتی سیاسی و بەڵگە پەسندکراوەکانی کۆنگرە پێداچوونەوەیان بەسەردا بکات و لەماوەی یەک مانگی داهاتوودا بڵاویان بکاتەوە. هەروەها بڕیار درا کە چەند پەیام لەلایەن کۆنگرەوە ڕوو بە بنەماڵەی گیان بەختکردووان و بەندکراوانی سیاسی ئامادە و بڵاو بکرێتەوە

دوایین دەستووری جەلەسەی کۆنگرە، هەڵبژاردنی کۆمیتەی ناوەندیی کۆمەڵە بوو. لەم بەشەشدا دوای قسە و باس سەبارەت بە کولیاتی بەشی ئینتخابات، لەناو هاوڕێیانێک کە خۆیان بۆ ئەندامیەتی لە کۆمیتەی ناوەندیدا کاندید کردبوو ٢٣ کەس وەک ئەندامی کۆمیتەی ناوەندیی کۆمەڵە هەڵبژێردران کە بریتین لە هاوڕێیان: خەسرەو بۆکانی، زانیار بۆکانی، ڕەئووف پەرەستار، زانکۆ خدری، فەرزاد عارفی، ڕەحیم عەزیزپوور، مەسعوود عەزیمی ، ڕەشید ڕەزاقی، سەرکەوت ڕۆستەم گورجی، ناسر زەمانی، دلێر سفیدی، حەبیب سوڵتانی، عەلی شاهکار، حەسەن شەمسی، مەحمود قارەمانی، محەممەد کەماڵی، ئەختەر کەمانگەر، سەلاح مازوجی، جەلال محەممەدنژاد، گەوهەر مێعمارزادە، پێدرام نەسروڵڵایی، مەرزییە نەزەری و لوقمان وەیسی

کۆنگرەی ١٩ی کۆمەڵە دوای سێ شەو و ڕۆژ کاری چڕوپڕ، بە وتاری کۆتایی یەکێک لە هاوڕێیانی هەیئەتی بەڕێوەبەر، وێڕای سپاس و پێزانین بۆ هەموو ئەو هاوڕێیانەی لە بەشی تەداروکی تەشکیلاتی و فەنیدا زەحمەتیان کێشابوو، وێڕای تەئکید لەسەر هەڵوێستە سەرەکییەکانی کۆنگرە و ئەرک و ئاسۆی چالاکی کۆمەڵە لە قۆناغی داهاتوودا، بە سروودی ئەنترناسیۆناڵ، لەناو شور و شەوق و شادی بەشداربوواندا بە سەرکەوتوویی کۆتایی بە کاری خۆی هێنا

کۆمیتەی ناوەندیی کۆمەڵە

ڕێکخراوی کوردستانی حیزبی کۆمۆنیستی ئێران

١٤ی گەلاوێژی ١٤٠٤ی هەتاوی

٥ی ئاگۆستی ٢٠٢٥ی زایینی

❋❋❋

# پەیامی کۆنگرەی ١٩ی کۆمەڵە بۆ بنەماڵەی گیانبەختکردووان

**بنەماڵەی سەربەرزی گیانبەختکردووان!**

لە کۆنگرەی ١٩ی کۆمەڵە – ڕێکخراوی کوردستانی حیزبی کۆمۆنیستی ئێرانەوە سڵاو و دروودی گەرم و سەمیمانەی ئێمەتان پێشکەش. لە دڵەوە خۆشحاڵین بەوەیکە بەڕێوەچوونی سەرکەوتووانەی کۆنگرەی ١٩ بە ئاگاداری ئێوە ئازیزان دەگەیەنین. ئەمجارەش کۆنگرەی ١٩ی کۆمەڵەمان بە ڕاگەیاندنی یەک دەقیقە بێدەنگی بۆ ڕێزگرتن لە یادی جگەرگۆشە و ئازیزانی گیانبەختکردوومان و بە سروودی (پەلکی داری شادی گشتین، ئێوە هەرگیز نامرن) دەستپێکرد. ئەو ئازیزانەی لە مەیدانەکانی خەباتی چەکداری دژبە ڕژیمی جنایەتکاری کۆماری ئیسلامی لە کوردستان، لە جەریانی ئاخێزە جەماوەرییەکان دژبە ڕژیمی کۆماری ئیسلامی لە سەرتاسەری ئێران، لە سیاچاڵەکاندا لەژێر ئەشکەنجە، وە یان بە تەنافی سێدارەوە گیانیان بەختکرد. ئەو ئینسانە شەریف و زەحمەتکێشانەی بۆ دابینکردنی تیکە نانێک لە جادەکانی مەرگدا کۆڵبەرییان کرد و کەوتنە بەر گوللەی بەکرێگیراوانی ڕژیمی ئیسلامی. ئەو ئازیزانەی لەدژی ستەم و نابەرابەری، لەدژی زەبروزەنگ و دیکتاتۆری کۆماری ئیسلامی بە خەباتی بەردەوام و لێبڕاوەیان بەگژ دوژمنانی چینایەتی جەماوەری کرێکار و زەحمەتکێشدا چوون و لە ڕێگای ڕزگاری ئەواندا، لە ڕێگای ئازادی و سۆسیالیزمدا گیانیان فیدا کرد. کۆنگرەی ١٩ی کۆمەڵە سڵاو و دروود دەنێرێ بۆ تاک بە تاکی ئەندامانی بنەماڵە جەرگسووتاوەکانی ئەم ئازیزانە و لە بەرامبەر سەبر و تەحەمولی لەدەستدانی جگەرگۆشەکانیاندا، سەری ڕێز و نەوازش دادەنەوێنێت. ئەم کۆڵنەدان و خۆڕاگرییە، هیوا بۆ گۆڕانکاری و ئاڵوگۆڕی لە دڵی جەماوەردا زیندوو ڕاگرتووە.

**بنەماڵەی بەڕێزی گیانبەختکردووانی ڕیزەکانی حیزبی کۆمۆنیستی ئێران و کۆمەڵە!**

ئازیزانی گیانبەختکردوو، کە ڕۆڵەی خۆشەویستی ئێوە و هاوڕێ و هاوسەنگەری ئێمە بوون، لە ڕێگای ڕزگاری کرێکاران و زەحمەتکێشاندا گیانیان بەختکرد و قەت لەبیر ناکرێن. بنەماڵەی گیانبەختکردووانی کۆمەڵە، لای هەموو ئینسانێکی ئازادیخواز و بەرابەری تەڵەبی کۆمەڵگا، خۆشەویست و قابیلی ئیحترامن. لەم کۆنگرەیەدا بۆ جارێکی دیکە لەگەڵ هاوڕێیانی گیانبەختکردوو و لەگەڵ ئێوە بنەماڵە بەڕێزەکان پەیمانمان تازە کردەوە کە هەروا بەردەوام درێژەدەری ڕێگای سوور و پڕ لە شانازییان بین. هاوڕێ لەگەڵ کرێکاران و جەماوەری ستەملێکراو و تێکۆشەری کۆمەڵگا هەتا ڕووخاندنی شۆڕشگێڕانەی ڕژیمی ئیسلامی سەرمایەداری و هەتا دامەزراندنی نەزمێکی نوێ ناسرەوین. نەزمێک کە تێیدا ئینسانەکان لە کۆت و بەندی کۆیلایەتی و چەوساندنەوە ڕزگاریان بێت و ئازادی و بەرابەری و ڕەفاهیان بێتە دی. ئەوە هەر ئەو ڕێگایەیە کە جگەرگۆشە و ئازیزەکانتان گرتیانە بەر و لە پێناویدا لە گیانی خۆشیان گوزەران.

بنەماڵەی ئازیزی گیانبەختکردووان! ئەمساڵ کۆنگرەی ١٩ی کۆمەڵەمان لە بارودۆخێکدا بەڕێوەبرد کە دەسەڵاتی تاوانکاری کۆماری ئیسلامی لەوپەڕی زەلیلی و لاوازی و زەبوونیدایە. ڕژیمی کۆماری ئیسلامی لەگەڵ قەیرانی قووڵی ئابووری، سیاسی، کۆمەڵایەتی و قەیران لە ستراتیژی ناوچەییدا بەرەوڕووە و توانای چارەسەرکردنی هیچ کام لەم قەیرانانەی نییە. لە کاتێکدا کە ڕێبەران و بەرپرسانی سپای پاسداران و دەزگای گەندەڵی ڕووحانییەت، ئاغازادەکان و دەست و پەیوەندەکانیان لە ڕێگەی دزی و ڕانتخورییەوە بە سەروەتی کەڵانی سەدان ملیۆن دۆلاری گەیشتوون، گرانی، بێکاری، هەژاری و برسیەتی ژیان و گوزەرانی جەماوەری کرێکار و زحمەتکێشی نوقمی فەلاکەت و نەهامەتی کردووە. لەلایەکی دیکەوە حکومەتی ئیسلامی هەموو ئیمکاناتی کۆمەڵگا و بەرهەمی ڕەنج و کاری خەڵکی کرێکار و زەحمەتکێشی بۆ بەرەوپێش بردنی سیاسەت و ستراتیژی مانەوەی خۆی تەرخان کردووە

لە وەها هەلومەرجێکدا ئەگەرچی بزووتنەوە نارەزایەتییە کۆمەڵایەتییەکان و لە پێشیانەوە بزووتنەوەی کرێکاری، چالاک و زیندوو و لە حاڵی گەشەدان، بەڵام نەبوونی ڕێکخراوەی چینایەتی و جەماوەری کرێکاران و باقی توێژەکانی کۆمەڵگا، ئەو دەرفەتەی بۆ حکوومەتی وەرشکستەی ئیسلامی فەراهەم کردووە کە هەروا درێژە بە تەمەنی نگریسی بدات. کۆنگرەی ١٩ی کۆمەڵە بە لەبەرچاوگرتنی ئەم بارودۆخە، لەسەر ئامادەبوونی بەستێنی گونجاو بۆ چالاکی، بۆ پەرەپێدان بە بزووتنەوەی نارەزایەتی و کۆمەڵایەتی، لەسەر گرینگی چالاکی ڕێکخەرانەی هەڵسووڕاوانی کۆمەڵە لە شارەکانی کوردستان تەئکید دەکات.

ئێمە بەشداربووانی کۆنگرەی ١٩ی کۆمەڵە وێڕای هیوای سەرکەوتن بۆ خەباتی کرێکاران و بزووتنەوە کۆمەڵایەتییەکانی دیکە لەدژی حکوومەتی کۆماری ئیسلامی، جارێکی تر سڵاو و درووود دەنێرین بۆ ئێوە کەسوکاری ئازیزی گیانبەختکردووان و هیوای سەرکەوتن و سەرفرازیتان بۆ دەخوازین

کۆنگرەی نۆزدەهەمی کۆمەڵە

ڕێکخراوی کوردستانی حیزبی کۆمۆنیستی ئێران

گەلاوێژی ١٤٠٤ی هەتاوی

ئاگۆستی ٢٠٢٥ی زایینی

❋❋❋

# پەیامی کۆنگرەی ١٩ی کۆمەڵە
## بۆ زیندانیانی سیاسی و ئیدانەکردنی توندی سەرکوتگەری ڕژیمی ئیسلامی

**هاوڕێیانی بەندکراو! زیندانیانی سیاسی تێکۆشەر!**

گەرمترین سڵاو و درووود دەنێرین بۆ ئێوەی ئازیز، بۆ عەزم و ئێرادەی قایمتان، بۆ خەبات و خۆڕاگری قارەمانانەتان لەناو سیاچاڵەکانی ڕژیمی کۆنەپەرستی ئیسلامیدا.

کۆنگرەی نۆزدەهەمی کۆمەڵە لە بارودۆخێکدا بەڕێوەچوو کە هەڵمەتی شکۆمەند و لێبڕاوانەی ئێوە لەژێرناوی "سێشەممەکانی نا بۆ ئێعدام" هەشتاهەمین حەفتەی لە ٤٨ زیندانی ئێران تێپەڕاندووە و ئەوەش سەلمێنەری عەزم و



ئیرادەی پۆڵایینتانە لە خەبات دژبە سەمبۆلێکی بەربەریەتی نیزامی سەرمایەداری ئیسلامی واتە سزای "ئێعدام". کۆنگرەی ١٩ی کۆمەڵە وێڕای پێداگری لەسەر نەهێشتنی کردەوەی جنایەتکارانەی کوشتنی ئینسان بە هەر بیانوویەک، درووود دەنێرێ بۆ عەزمی شۆڕشگێڕانەتان لەپێناو درێژەدان بەم خەباتە و دەستتان بە گەرمی دەگوشێت. خەبات و خۆڕاگری گیانفیدایانەتان، هەڵوێست گرتن و مەحکووم کردنی کردەوەی جنایەتکارانەی دەسەڵاتی سەرمایەداری ئیسلامی و خەباتی ئێوە لە ناو زیندانەکان، بووەتە هێمایەکی گرینگی موقاومەت و دژایەتی گشتی لە ئێران لە بەرامبەر موناسباتی ئێستادا. وە لە بەهێزکردنی فەزای خەباتکارانەی کۆمەڵگا لەدژی دیکتاتۆریەت و سەرکوتگەریدا دەورونەخشێکی تایبەتی بینیوە.

**هاوڕێیانی تێکۆشەر!**

کۆمەڵگای ئێران لە بارودۆخێکدایە کە کۆماری ئیسلامی دوای شکستە یەک لە دوای یەکەکانی لە ئاستی جیهانی، ناوچەیی و ناوخۆییدا و بەدوای لێکهەڵوەشانی هێزە نیابەتییەکانی بەتایبەت پاش شەڕی کۆنەپەرستانەی دوازدە ڕۆژە، دەستی کردووە بە پەرەپێدانی سەرکوتگەری و شەپۆلی گرتن و زیندان و ئەشکەنجە و دەرکردنی ئەحکامی قورس، لەوانە حوکمی نامرۆڤانەی ئێعدام بۆ تێکۆشەران و چالاکانی سیاسی. ڕژیمی ئیسلامی لە جەریانی ئەم شەڕە کۆنەپەرستانەیە و لەدوای کۆتایی ئەو شەڕەش بە میلیتاریزەکردنی کەشوهەوای ئێران بەبیانووی بێبنەمای جاسووسی ئیسرائیل، سەرکوتگەرییەکانی زیاتر پەرەپێداوە و هەر لەم ماوەیەدا ژمارەیەکی زۆر لە خەباتکاران و چالاکانی سیاسی دەستبەسەر و حوکمی ئێعدامی ژمارەیەکی زۆری لە زیندانیانی ئاسایی و سیاسی جێبەجێ کردووە.

بۆ هەمووان ڕوونە کە ئامانجی سەرەکی ڕژیمی کۆماری ئیسلامی لە پەرەپێدانی فەزای سەرکوت و ئەمنیەتی، بەرەنگاربوونەوە لەگەڵ خەباتی ڕوو لە گەشەی خەڵکی کرێکار و زەحمەتکێش و ستەملێکراوی ئێران و کوردستانە. ترس لەم خەباتە سەرتاپێی دەسەڵاتی بورژوازی ئیسلامی داگرتووە. ڕژیمی ئیسلامی کە لە چارەسەرکردنی قەیرانە پێکهاتەییەکاندا بێتوانا و داماوە، بۆ داپۆشینی زەعف و لاوازی ئاشکرای ناوەندە ئەمنیەتییەکانی، بەبیانووی جاسووسی بۆ ڕژیمی ئیسرائیل خەڵکی ناڕازی کردووەتە ئامانج. حکوومەتی ئیسلامی بە ئامانجی ڕێگری لە سەرهەڵدانی ئاخێزە کۆمەڵایەتییەکان کە بۆ دەسەڵاتەکەی هەڕەشەن، سەرکوتگەرییەکانی زیاتر پەرەپێداوە. هەر لەو ماوەیەدا شەپۆلی سەرکوتگەری و دەستگیری هەڵسووڕاوان و خەڵکی تێکۆشەر لە کوردستان بەشێوەیەکی بەرچاو زیادی کردووە و ترس و هەراسی ڕژیمی لە بوونی پۆتانسیەلی مەزن دژبە دەسەڵات لە کوردستان نیشان داوە.

کۆنگرەی ١٩ی کۆمەڵە - ڕێکخراوی کوردستانی حیزبی کۆمۆنیستی ئێران وێڕای مەحکووم کردنی لێبڕاوانەی سەرکوتگەرییەکانی ڕژیمی ئیسلامی، بۆ جارێکی تر درووود دەنێرێ بۆ عەزم و ئیرادەی پۆلایین و موقاومەتی ئێوە زیندانیانی سیاسی و بنەماڵە خۆڕاگرەکانتان. وێڕای ڕاگەیاندنی هاوپشتی لەگەڵ بنەماڵەی ئێوە ئازیزان، بەرگری و پشتیوانی کردن لە ئێوە بە ئەرکی خۆمان دەزانین و داواش لە هەموو خەڵکی تێکۆشەر و خەباتکار دەکەین بەئامانجی بەرەنگاربوونەوە لەگەڵ کردەوەی سەرکوتگەرانەی ڕژیم و ئازادی بێ شەرت و مەرجی زیندانیانی سیاسی، حمایەت و پشتیوانی لە زیندانیانی سیاسی و بنەماڵەکانیان پەرەپێبدەن.

کۆنگرەی ١٩ی کۆمەڵە

**ڕێکخراوی کوردستانی حیزبی کۆمۆنیستی ئێران**

گەلاوێژی ١٤٠٤ی هەتاوی

ئاگۆستی ٢٠٢٥ی زایینی

***

# ١٦ی گەلاوێژ ئەزموونێکی گرینگ لە مێژووی بزووتنەوەی شۆڕشگێڕانەی خەڵکی کوردستاندا

١٦ی گەلاوێژی ١٣٨٤ لە بزووتنەوی شۆڕشگێڕانەی کوردستاندا ڕۆژێکی مێژووییە و قەد لەبیر ناچێتەوە. لەو ڕۆژەدا خەڵکی کوردستان لەسەر بانگەوازی کۆمەڵە یەکدەنگ و یەکگرتوو لەدژی تاوانەکانی کۆماری ئیسلامی لە کوردستان مانگرتنێکی شکۆداریان بەڕێوەبرد. ئەمڕۆ ٢٠ ساڵ بەسەر ئەو ڕۆژە مێژووییەدا تێدەپەڕێت. لەو ڕۆژەدا خەڵکی کوردستان نیشانیان دا کە دەتوانن بەهێزی لەبن نەهاتووی خۆیان هێزە سەرکوتگەرەکانی ڕژیمی نەزانی و خورافاتی ئیسلامی بەچۆک دابێنن. ئەو ڕۆژە مێژووییە هەروەها سەلماندی کە بزووتنەوەی شۆڕشگێڕانەی کوردستان بەگوڕ و تینەوە درێژە بەخەبات بۆ وەدیهاتنی ئامانج و خواستەکانی دەدات. پرسیار ئەوەیە کە ئەم حەرەکەتە مێژووییە لەچ بارودۆخێکدا پێکهات و چۆن ڕێکخرا؟

دەست و پێوەندەکانی کۆماری ئیسلامی ئێوارەی ڕۆژی ١٨ی مانگی پووشپەڕی ئەو ساڵە هەوڵیان دا لاوێکی خەڵکی مهاباد بەناوی ”کەماڵ ئەسفەرام“، ناسراو بە ”شوانە سەید قادری“ دەستبەسەر بکەن. کاتێک هێزە سەرکوتگەرەکانی ڕژیم نەیانتوانی ”شوانە“ دەستبەسەر بکەن، دایانە بەر دەسڕێژی گوللەو بریندداریان کرد. لەدوای دەستبەسەر کردنی شوانەدا، ئەشکەنجەکردنی دەستپێکرد و لەکۆتاییدا لەژێر ئەشکەنجەی هێزە سەرکوتگەرەکانی کۆماری ئیسلامیدا گیانی بەختکرد. بەڕێوەبەرانی ئەم تاوانە دەیانویست لەم ڕێگەیەوە خەڵک چاوترسێن بکەن، بەڵام خەڵکی خەباتکاری مهاباد نە تەنیا چاوترسێن نەکران، بەڵکوو دەست بەجێ دوای ئاگاداربوون لەم جەنایەتەی ڕژیم لەبەردەم ماڵی ئەم لاوەدا کۆبوونەوەو هاوخەمی خۆیان لەگەڵ بنەماڵەکەی دەربڕی و نەفرەت و بێزارییان لەکۆماری ئیسلامی نیشان دا. جەماوەری ناڕازی لەمهاباد بەتایبەتی ژنان و لاوان لەڕۆژانی ١٩ و ٢٠ی مانگی پووشپەڕدا لەناڕەزایەتی بەو جەنایەتەدا هاتنە سەر شەقامەکان و دژ بەڕژیمی ئیسلامی دروشمیان داو بەسەرکوتگەرانی ئیسلامییان ڕاگەیاند لەو تاوانە خۆش نابن. ڕۆژی ٢١ی هەر ئەو مانگە خۆپیشاندانەکە ئاستێکی بەرینتری بەخۆیەوە گرت و هێرشی هێزە سەرکوتگەرەکانی ڕژیم بەرەوڕووی موقاومەتی خەڵکی خەباتکاری مەهاباد بووەوە. هێزە سەرکوتگەرەکانی ڕژیمی ئیسلامی لەئاسمان و زەوییەوە تەقەیان لەخەڵکی ڕاپەڕیو کرد. لەو ڕۆژەدا کۆمەڵانی خەڵکی مهاباد خۆڕاگرییەکی بێ وێنەیان لەخۆیان نواند. لەو بەرەوڕووبوونەوەیەدا ٥٠ کەس لەخۆپیشاندەران دەستبەسەر کران. ڕۆژی ٢٢ی مانگی پووشپەڕ خەڵکی شار لەناڕەزایەتی بەتووندوتیژی نواندن لەلایەن هێزە سەرکوتگەرەکانی کۆماری ئیسلامی و بۆ دەربڕینی نەفرەت و بێزاری خۆیان لەم کردەوە سەرکوتگەرانەیەی ڕژیم و

میلیتاریزەکردنی ناو شار دووکانەکان و شوێنەکانی کاریان داخست. ناڕەزایەتی و خۆپیشاندانی جەماوەری خەڵکی مهاباد شارەکانی تری کوردستانی داگرت. خەڵکی خەباتکار و لاوانی شۆڕشگێڕ لەشاری شنۆ، پیرانشار، بانە، سەقز، سەردەشت، مەریوان، سنە، دیواندەرەو بۆکان بەناڕەزایەتییەکان پەیوەست بوون. خۆپیشاندەران لەم شارانە ئەم تاوانەیان مەحکوم کردو داواکارییەکانی خۆیان هێنایەگۆڕێ. کۆمەڵانی خەڵک لەشارە جۆراوجۆرەکانی کوردستان خوازیاری ناساندن و سزادانی بڕیاردەران و بەڕێوەبەرانی ئەو تاوانە، ئازادکردنی دەستبەجێ و بێ شەرت و مەرجی دەستبەسەرکراوان و کۆتایی هێنان بە کوشتن و بڕین لەکوردستان بوون. وەڵامی کۆماری ئیسلامی بەم داواکارییە ڕەوایەی خەڵکی کوردستان ناردنی هێزی زیاتر بوو و بەکرێگیراوەکانی خستە گیانی خەڵک



ئەگەرچی داواکارییەکانی ئەم خەباتە گەلێک روون بوو، بەڵام بەهۆی پرژوبڵاوی لەشارە جۆراوجۆرەکان قوربانییەکی زۆری لێ کەوتەوە. لەشاری سەقز چەکدارەکانی ڕژیم تەقەیان لەجەماوەری خۆپیشاندەر کرد. لەئاکامی ئەم تەقانەدا ژمارەیەک کوژران و ژمارەیەکی زۆریش بریندار بوون. ڕێبەری کۆمەڵە کە لە هەمان ڕۆژی ١٨ی مانگی پووشپەڕەوە ئەوزاعی شارەکانی کوردستانی تەعقیب دەکرد، بە شناختێک کە لە حەساسییەتی بارودۆخەکە بووی، هەموو نیگەرانی و دەغدەغەی ئەوە بوو کە بە چ هەوڵێک و بە گرتنەبەری چ تاکتیکێک بەر بەم ڕەوتە بگرێت کە دەیتوانی ببێتە هۆی بێهیوایی و دڵساردبوونەوەی خەڵک و کارێک بکات کە خەڵک لە کۆتایی ئەم دەورەیە لە ڕووبەڕوو بوونەوە لەگەڵ دوژمن نەتەنیا مەئیووس نەبن بەڵکوو هەست بە هاوپشتی و شانازی و سەرکەوتن بکەن. ئیتر کاتی ئەوە گەیشتبوو کە جەماوەری خەباتکار لەبزووتنەوەیەکی ڕێکخراودا هێزی لەبن نەهاتووی خۆیان بەدووژمن نیشان بدەن. کۆمەڵە، ڕێکخراوی کوردستانی حیزبی کومۆنیستی ئێران، لە رۆژی ١٦ی گەلاوێژی١٣٨٤دا بانگەوازی مانگرتنێکی گشتی و سەرتاسەری لەناڕەزایەتی بەهەڵسووکەوتی دڕندانەی ڕژیم راگەیاند. ڕێبەریی کۆمەڵە لە بارووددۆخێکدا کە شارەکانی کوردستان بەتوندی میلیتاریزە کرابوون، مانگرتنی گشتی بە گونجاوترین شێوازی دەربڕینی یەکگرتوویی و هاوپشتی دەزانی. لە دیاریکردنی کاتی مانگرتنە گشتییەکەدا دوو فاکتۆری سەرەکی لەبەرچاوگیرا. یەکێک ئەوەیکە نەدەبوایە لە ڕووداوەکانی کوردستان زۆر فاسلە بگرین و دووهەم دەرفەتی پێویست بۆ وەڕێخستنی هەڵمەتێکی تەبلیغی و ڕێکخستنی ئەم حەرەکەتە مێژووییەمان لە ئیختیاردا بێت. بانگەوازەکەی کۆمەڵە، رۆژی ١١ی هەر ئەو مانگە لە راگەیاندنێکدا بەئاگاداری کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان گەیشت. لەو راگەیاندنەدا کۆمەڵە وێڕای ئاماژەیەکی کورت بە خەباتی قارەمانانەی جەماوەری خەڵکی کوردستان دژ بەسەرکوتگەرانی کۆماری ئیسلامی، داواکارییەکانی خەڵکی بەو شێوەیەی خوارەوە کۆبەندی کرد

- ناساندن و سزادانی بڕیاردەران و بەڕێوەبەرانی جەنایەتەکانی ئەم دواییانە لەشاری مهاباد و شارەکانی تری کوردستان
- ئازادی بێ شەرت و مەرجی گشت دەستبەسەرکراوان.
- ئاسایی کردنەوەی کەش و هەوای شارەکان و گەڕاندنەوەی هێزە سەرکوتگەرەکان بۆ مۆڵگەکانیان
- بەڕەسمی ناسینی مافی خەڵک لەئاست بەڕێوەبردنی خۆپیشاندان بۆ وەدیهاتنی داواکارییەکانیان

بانگەواز بۆ مانگرتنی گشتی بەخێرایی هەموو شارەکانی کوردستانی داگرت. ڕۆژێک بەر لە مانگرتنەکە دەیان و شایەد سەدان هەزار نوسخەی بانگەوازی کۆمەڵە و بەرگی تەبلیغی پێوەندیدار بەم بانگەوازە لە ئاستی شارەکانی کوردستاندا بڵاوبۆوە. لە جەرەیانی بڵاکردنەوەی فەراخان و ئەوراقی تەبلیغیدا زانیاری ئاشیان جەوانی پڕگوڕوتینی خەڵکی شاری سنە بەتەقەی هێزە خوێنڕێژەکانی سەرمایە گیانی بەختکرد و ناوی بۆ هەمیشە ئاوێتەی ١٦ی گەلاوێژ و مێژووی خەباتی خەڵکی ستەملێکراو بوو. وانای سازماندان و قەبارەی تەبلیغاتێک کە لەم چەند ڕۆژەدا ئەنجام درا تەنیا بە زەرفییەت و بەرینایی تەشکیلاتی کۆمەڵە لەناو شارەکانی کوردستان قابیلی تەوزیح نەبوو. لەڕاستیدا کۆمەڵە لە بارووودۆخێکدا وڵامی بە زەرووورەتێکی سیاسی و بە نیازێکی خەباتی جەماوەری خەڵکی کوردستان دابۆوە کە ئەحزاب و هێزە سیاسییەکانی تر تەنانەت نەیاندەتوانی دەرکی بکەن و هەر ئەم واقعییەتەش بوو کە هێزی جەماوەری خەڵکی کوردستان لەئاستی کۆمەڵایەتیدا وەحەرەکەت خست

هاوکات هێزەکانی ڕژیم بۆ بەرگرتن لەو مانگرتنە کەوتنەخۆ و هەڕەشەکانیان دەستپێکرد. حیزب و لایەنە ناسیۆنالیستەکانیش بۆ سەرنەکەوتنی ئەو مانگرتنە لە هیچ هەوڵێک کۆتاییان نەکرد. لە بەرامبەردا حیزب و ڕێکخراوەکانی بزووتنەوەی کۆمۆنیستی ئێران لەم بانگەوازە پشتیوانییان کرد. سەرەڕای هەموو هەڕەشەکانی ڕژیم و کارشکێنیی حیزبە ناسیۆنالیستەکان، لەرۆژی ١٦ی گەلاوێژدا خەڵکی تێکۆشەری کوردستان بازاڕ و کارگاو ئیدارە، مەدرەسە و دووکان و ناوەندەکانی تری کاریان داخست و دەستیان دایە مانگرتنێکی گشتی و سەرتاسەری. خەڵکی ناڕازی لەشارەکانی مهاباد، سەقز، بۆکان، سنە، شنۆ، پیرانشار، بۆکان، بانە، سەردەشت، ڕەبەت، مەریوان، کامیاران و دیواندەرەو شارۆچکە و گوندەکانی تری کوردستان لەئاستێکی بەریندا بەمانگرتنەکە پەیوەست بوون. شایانی باسە لەشارەکانی نەغەدەو ورمێشدا بەشێکی زۆر لەخەڵک لەو مانگرتنە گشتییەدا بەشدارییان کرد

ئەو مانگرتنە شکۆدارە لەمێژووی خەباتی سیاسی خەڵکی کوردستاندا تۆمار کراوە. ١٦ی مانگی گەلاوێژ بە مێژووی بزووتنەوەی شۆڕشگێڕانەی کوردستان پەیوەست بوو. ئەو مانگرتنە جارێکی دیکە نیشانی دا جەنایەت و پیلانەکانی کۆماری ئیسلامی نەیتوانیوە درز بخاتە نێو ئیرادەی کۆمەڵانی خەڵک لەدژی. سەرکەوتنی ئەم مانگرتنە بۆ چەندین دەیە لەخەباتی لێوانلێو لەفیداکاری و ئازایەتی خەڵکی کوردستان دەگەڕێتەوە. لەئاکامی یەک مانگ شێلگیرانەی تێکۆشەرانی شاری مهاباد و شارەکانی دیکەی کوردستاندا داواکارییەکانی خەڵک وەدیهات. ڕژیم کە لەبەرانبەر هێزی یەکگرتووانەی جەماوەری خەڵکدا داماو بوو، رۆژی دوای مانگرتنەکە فریوکارانە لێژنەیەک لەئەندامانی مەجلیسی ئیسلامی بۆ شارەکانی کوردستان نارد تا بەناو داوای لێخۆشبوون لەخەڵک بکەن. ئەندامانی ئەو لێژنەیە بەیارمەتی ئیمام جومعەکان و فەرمانداراەکانی شارەکان بەبێ لەبەرچاوگرتنی ویست و داواکارییەکانی خەڵک هەوڵیان دا خۆڵ بکەنە نێو چاوی خەڵک، بەڵام هەوڵەکەیان بێ ئاکام مایەوە

دەرس و ئەزموونەکانی ئەم مانگرتنە سەرتاسەرییە بە ئەزموونی دەوڵەمەندی خەڵکی کوردستان بۆ درێژەی بزووتنەوەی شۆڕشگێڕانە لەکوردستان زیاد بوو. هەر ئەم ئەزموونە دەوڵەمەندە ڕێگای بۆ مانگرتنی سەرکەوتووانەی ٢٣ی گوڵانی ساڵی ١٣٨٩ دژ بەئیعدام کردنی فەرزادی کەمانگەر و هاوڕێیانی خۆشکرد. هەروەها بەهۆی بوونی ئەم سوننەتە بەنرخە، لەرۆژی ٢١ی خەرمانانی ساڵی ١٣٩٧دا مانگرتنێکی سەرکەوتووانەی سەرتاسەری دیکە بەڕێوەچوو. کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان لەو رۆژەدا لەناڕەزایەتی دژبە لەسێدارەدانی رامینی حسێن پەناهی، زانیار و لوقمان موڕادی و بۆردمانکردنی مقەڕەکانی حیزبی دیموکراتی کوردستان لەعێراق مانگرتنێکی شکۆداری دیکەیان بەڕێوەبرد. خەڵکی خەباتکاری کوردستان دوای قەتڵی دەوڵەتی ژینا ئەمینی لە ٢٥ی مانگی خەرمانانی ساڵی ١٤٠١ و دەستپێکی ئاخێزی سەرانسەری زۆر جار تاکتیکی مانگرتنی گشتییان لەگەڵ ناڕەزایەتییەکانی شەقام ئاوێتە کرد و گەلێک دیمەنی شکۆداریان لە یەکگرتوویی و هاوپشتی و خۆڕاگری و بوێری بەرامبەر بە هێرشی هێزە سەرکوتگەرەکان نیشان دا

تاکتیکی مانگرتنی گشتی و سەرانسەری و تێکەڵکردنی لەگەڵ ناڕەزایەتی شەقامەکان بەتایبەت لە بارودۆخی ئێستادا کە مانگرتنی کرێکاری و ناڕەزایەتی لە سەرانسەری ئێران حکوومەتی ئیسلامی سەرمایەدارانی خستووەتە ژێر گوشارەوە دەتوانێ تەجروبە و ئەزموونێکی بەنرخ بێت لەپێناو بەهێزکردنی خەباتی ئێستای کرێکاران و جەماوەری وەگیانهاتوو و ناڕازی

❊❊❊

# ڕاگەیاندنی شۆرای هاوکاریی هێزە چەپ و کۆمۆنیستەکان بۆ یادی هەزاران زیندانی کۆمەڵکوژکراو لە دەیەی خوێناوی ٦٠دا؛ کوشتاری هاوینی ٦٧ ئەو برینەی ئێستاش ساڕێژ نەبووەتەوە

٣٧ ساڵ بەسەر کۆمەڵکوژکردنی زیندانیانی سیاسی لە مانگەکانی گەلاوێژ و خەرمانانی ساڵی ١٣٦٧دا تێپەڕیوە. ٣٧ ساڵە حەنجەرەکان بەخاتری شین و ماتەمین بۆ هەزاران زیندانی سیاسی کە لەو هاوینەدا قەتڵوعام کران، بریندار و خوێناوین. ساڵەهایە گریان و ڕۆڕۆی هەزاران بنەماڵەی جەرگسووتاو لە ماتەمینی ئەو ژن و پیاوانەی "ئەویندارترین زیندووەکانی ئەو ساڵە بوون" هەروا دەبیسترێ. ئەو هاوینە هەناسەبڕە، ئەو گەلاوێژ و خەرمانانە خوێناوییە، کە تێیدا تۆفانی سامناکی ئێعدامی بەکۆمەڵی زیندانیانی سیاسی هەروەک مۆتەکە سەرتاسەری ئێرانی داگرت، تۆفانێک نەبوو کە لەناکاو لە ئاسمانی بێ هەوری کۆماری ئیسلامییەوە بەسەر زیندان و بەندکراواندا بباریێت.

کوشتاری ئەو هاوینە، کۆمەڵکوژییەکی خۆفناک بوو کە ڕیشەی لە سەرکوت و ئەشکەنجە و ئێعدامی ساڵەکانی سەرەتای دەیەی ٦٠ و ساڵەکانی پێشتردا بوو. ئەو ئێعدامانەی کە هەر لە ڕۆژانی سەرەتای بەدەسەڵات گەیشتنی خومەینییەوە لە سەربانی مەدرەسەی ڕەفاهەوە دەستپێکرد، بە ئێعدام و کوشتنی خەڵکی کوردستان لە هاوینی ساڵی ٥٨دا پەرەی سەند. لە زستانی ٥٨دا خەڵکی تورکەمەن سەحرای گرتەوە، لە ٣٠ی جۆزەردانی ٦٠دا لە پانتایی سەرتاسەریدا هەموو شارەکانی وڵاتی داگرت و ئەوجار لە هاوینی ٦٧دا وەک فەوارەیەکی بەرزی خوێن لە ناو زیندانەکانی کۆماری ئیسلامییەوە هەتا دوورترین شوێن سەریهەڵدا.

کوشتاری لێهاتووترین کادرە سیاسی و نیزامییەکانی ئەحزاب و ڕێکخراوە چەپ و کۆمۆمنیست و شۆڕشگێڕ و تێکۆشەرەکان، وێڕای کوشتاری هەزاران کەس لە ئازاترین لاوانی وڵات لە ساڵەکانی سەرەتای دەیەی شەست و دواتری، کوشتنی خۆڕاگرترین زیندانیانی سیاسی لە هاوینی ساڵی ١٣٦٧دا، کارەساتێک نەبوو کە بە سادەیی لەبیر بکرێت. کارەساتی کوشتاری ئەو ساڵە خوێناوییانە، هێندە گەورە و سامناک بوو کە ئێستاش دوای تێپەڕینی ئەو هەمووە ساڵە، نەبوونی ئەو ئینسانە خۆشەویستانە، کە ئەویندارترینی ئەو ساڵانە بوون، لە خەباتی شۆڕشگێڕانە و ئێستای کۆمەڵگادا بەڕوونی هەستی پێدەکرێت.

کوشتاری ئەو دەیە خوێناوییە بەمجۆرە بوو. کوشتارێک کە ئەو جیهانە پێچەوانەیە، ئەو جیهانە ڕاهاتووە بە ژان، ئەو جیهانە کە زنچکاو و خوێن لە نەزمی چەوسێنەرانەیەوە هەڵدەقوڵێت، بەسەر هەموو کومەڵکوژییەکانی ئەو دەیەیەدا چاوی بەست. هەموو جنایەت و ئێعدام و دڕندەییەک کە بەسەر جەماوەری ئێراندا هات، نادیدەی گرت. هاواری دایکانی جەرگسووتاوی نەبیست. پەڵەخوێنی سەر دەرگا و دیواری زیندان و ئەشکەنجەخانە سامناکەکانی کۆماری ئسیلامی نەدی و بێ باک و بێ بایەخ، ڕێگەی بە کۆماری ئیسلامیدا باڵی بێ ڕەحمی و دڕندەیی زیاتر بکاتەوە

نە تەنیا دەوڵەتانی جیهانی سەرمایەداری، بەڵکوو هەموو ناوەند و ڕێکخراوەکانی نێونەتەوەیی و مافی مرۆڤ هەتا چەندین ساڵ کوێر و کەڕ و لال بوون و چاویان بەسەر ئەو هەمووە جنایەتەی کۆماری ئیسلامیدا بەست. لەبەر ئەوەی دەوڵەتە گەورەکانی سەرمایەداری قازانجی خۆیان لە مانەوە و بەهێزبوونی کۆنەپەرستانی دەسەڵاتدار لە ئێران دەبینی. ئەوان بەپێی سرووشتی چینایەتکارەیان دژی مەوجوودییەتی ڕێکخراوە شۆڕشگێڕ و تێکۆشەر و چەپ و کۆمۆنیستەکان لە ئێران و جیهانن. هەموو زلهێزەکانی سەرمایەداری لەسەر ئەو باوەڕە بوون کە لەدوای ڕووخانی دیکتاتۆری پاشایەتی و هاتنە سەر کاری جەلادێکی وەک خومەینی، نەک هەر شۆڕشی گەورەی جەماوەری ئێران تێکدەشکێت، بەڵکوو لەگەڵ بەدەسەڵات گەیشتنی ڕژیمێکی کۆنەپەرستی ئیسلامی هارتر لە ڕژیمی کۆنەپەرستی سەڵتەنەتی، لانیکەم خومەینی و دار و دەستە ئینسانکوژەکەی دەتوانن کاری ناتەواوی ڕژیمی پاشایەتی واتە کوشتاری هێزە چەپ و کۆمۆنیست و شۆڕشگێڕەکان بەسەرەنجام بگەیەنن. ئەو کارەی کە کۆماری ئیسلامی بە ئێعدام و کوشتارێک کە هەر لە سەرەتای بەدەسەڵات گەیشتنیەوە خستیە ڕێ، بەباشی ئەنجامی دا و ئەوانی ڕازی و سەرخۆش کرد.

کۆمەڵکوژی زیندانیانی سیاسی لە هاوینی ساڵی ٦٧دا، ئەوپەڕی کوشتاری زیندانیان لەو ساڵانەی وەحشەت و مەرگدا بوو. دەیەی خوێناوی ٦٠ بە کوشتارە بەرینەکەیەوە کوتایی هات، بەڵام ئێعدامەکان ڕانەگیران. لەو دەهەیەوە هەتا بە ئەمڕۆ، ئێعدامی زیندانیانی سیاسی بەپێی بارودۆخی سیاسی کۆماری ئیسلامی لە بواری ناوخۆیی و نێونەتەوەییەوە هەڵکشان و داکشانی بەسەردا هاتووە بەڵام بەردەوام درێژەی بووە. ڕێژەی ئێعدامەکان کە لەماوەی دوو دەیەدا کەمتر ببوونەوە، لەدوای ئاخێزی شۆڕشگێڕانەی جەماوەری ئێران لە بەفرانباری ٩٦ەوە بۆ جارێکی تر زیادی کردەوە. لە ڕاپەڕینی خەزەڵوەری ٩٨دا بەوپەڕی خۆی گەیشت و لە بزووتنەوەی شۆڕشگێڕانەی نیوەی دووهەمی ساڵی ١٤٠١دا زیاتر پەرەی ئەستاند. وە لە ئێستاشدا، لە قۆناغی دوای شەڕ و لە ڕۆژانی ئاگربەستی کاتی شەڕی کۆنەپەرستانەی ١٢ ڕۆژەدا بۆ جارێکی تر ڕەوتی ئێعدامەکان لە زیندانەکانی ئێران خێراتر بووەتەوە.

شەڕی کۆنەپەرستانەی ١٢ ڕۆژەی نێوان دوو دەوڵەتی فاشیستی ئێران و ئیسرائیل وێڕای شکست و زەلیلییەک کە بەسەر حکوومەتی کۆنەپەرستی ئێرانیدا سەپاند، دەسەڵاتدارانی ئێرانی بەرەو ئەوە برد تا بە پەرەپێدانی سەرکوت و ئێعدام، شکست و زەبوونی و داماوی خۆیان داپۆشن.

بەڵام پەرەسەندنی قەیرانی سیاسی، ئابووری و کۆمەڵایەتی و قووڵبوونەوەی ناتەباییە ناوخۆییەکانی ڕژیم وێڕای سەرلێشێواوی دەسەڵاتداران لە بەرەنگاربوونەوە لەگەڵ کێشە و گرفتی گەورەی ناوخۆیی و نێونەتەوەیی، بەربەست و ئاستەنگی زۆری بۆ کۆماری ئیسلامی پێکهێناوە. ئەو ئاستەنگانەی کە نەتەنیا مانەوەی ڕژیمیان بردووەتەوە ژێر پرسیارەوە، بەڵکوو بەرەوپێش بردنی سیاسەتی سەرکوت و ئێعدامیشی – سەرەڕای خواستی دەسەڵاتدارانی ئیسلامی بۆ پەرەپێدانی – لەئاستێکی بەرینتردا دژوار کردووەتەوە.

لەئێستادا قووڵبوونەوەی قەیرانی دەرەکی لەوانە قەیرانی ئەتۆمی و ئەگەری داگیرسانەوەی دووبارەی شەڕ، لەگەڵ قەیرانە چارەهەڵنەگرە ناوخۆییەکان، لەوانە ئاو و کارەبا و وزە و ژینگە، وێڕای قووڵبوونەوەی قەیرانی بژێوی خەڵک، کۆمەڵگای گەیاندووەتە ئاستی تەقینەوە. هاتنە مەیدانی بزووتنەوە کۆمەڵایەتییەکان، وەڕێکەوتنی دووبارەی مانگرتنە کرێکارییەکان و گەشەی خەبات لەدژی ئێعدام، بەتایبەت گەشە و درێژەی بزووتنەوەی نارەزایەتیی سێشەممەکانی نا بۆ ئێعدام کە هەر ئێستا لە ٤٩ زیندانی ئێران لەئارادایە، بێگومان دەرفەتی ئەوە بە کۆماری ئیسلامی نادا تا بە پەرەپێدانی ئێعدام، کۆمەڵانی خەڵکی ئێران لە خەباتی سەرشەقام پاشگەز بکات.

شۆرای هاوکاریی هێزە چەپ و کۆمۆنیستەکان، لە سی و حەوتەمین ساڵوەگەری کۆمەڵکوژکردنی زیندانیانی سیاسی لە مانگەکانی گەلاوێژ و خەرمانانی ١٣٦٧ی هەتاویدا وێڕای ڕێزگرتن لە یادی درەوشاوەی هەموو ئەو ئازیزە گیانبەختکردووانە لە دەیەی خوێناوی ٦٠دا، بەتایبەت گیانبەختکردووانی هاوینی ٦٧، وێڕای ڕێزگرتن لە یادی سووری باقی زیندانیانی سیاسی کە هەتا ئەمڕۆ لەلایەن کۆماری ئیسلامییەوە ئێعدام کراون، هەموو بزووتنەوە کۆمەڵایەتی و جەماوەرییەکانی ئێران، بە دروشمی "نا بۆ ئێعدام" و "زیندانی سیاسی دەبێ ئازاد بکرێت"، بۆ پەرەپێدانی هەرچی زیاتری خەبات لەدژی سزای ئێعدام و بۆ پەیوەندانی ئەم خەباتە لەگەڵ خەبات بۆ ڕووخاندنی شۆڕشگێڕانەی کۆماری ئیسلامی، بانگهێشت دەکات.

**نا بۆ ئێعدام، زیندانی سیاسی دبێ ئازاد بکرێت**

**بڕووخێ ڕژیمی سەرمایەداری کۆماری ئیسلامی**

**بژی ئازادی، بژی سۆسیالیزم**

**شۆرای هاوکاریی هێزە چەپ و کۆمۆنیستەکان**

٢٢ی گەلاوێژی ١٤٠٤ی هەتاوی

١٣ی ئاگۆستی ٢٠٢٥ی زایینی

واژۆکان: ئیتحادی سۆسیالیستی کارگەری، حیزبی کۆمۆنیستی ئێران، حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاری – حێکمەتیست، سازمانی ڕاهی کاریگەر، سازمانی فەدائیان (ئەقەلیەت) و هەستەی ئەقەلییەت

❊❊❊

## هاوینی سووتێنەر و ئەشکەنجەی خامۆش لە قرچەک؛ خەبات و خۆڕاگری بەردەوامە

٢ی مانگی پووشپەڕی ١٤٠٤، هێزە ئەمنیەتییەکانی کۆماری ئیسلامی لە هێرشێکی ڕێکخراودا بۆ سەر بەندی ژنانی زیندانی ئێڤین، زیاتر لە ٦٠ ژنی بەندکراوی سیاسییان بەبێ ئاگادارکردنەوەی پێشوو و تەنانەت بە بێ ئەوەی دەرفەتی کۆکردنەوەی کەلوپەلی شەخسییان پێبدەن، ڕەوانەی زیندانی قرچەکی وەرامینیان کردن. ئەم جێگۆڕینە، کە بە ڕوونی لەسەر بەستێنی پەرەپێدانی سەرکوتدا ئەنجام دەدرێت، شێوەیەکی بەرنامەڕێژی کراوە لە ئەشکەنجە و ترساندن. ئامانج لەم گواستنەوەیە، جیاکردنەوەی بەندکراوان لە تۆڕەکانی پشتیوانی، بڕینی دەستڕاگەیشتنیان بە لانیکەمەکانی ئیمکاناتی تەندروستی و دەرمان و تێکشکاندنی وره و ڕووحیەی خۆڕاگری بەکۆمەڵیان بوو.

زیندانی قرچەک، بە پێشینەی دوورودرێژی لە ڕاگرتنی بەندکراوان لە بارودۆخی نامرۆڤانەدا، بەکردەوە بووەتە ئامرازی سەرکوتی جنسیەتی – چینایەتی. ئەم ڕاگواستنە لۆژیکی سەرمایەداری ئیسلامییە. کردەوەیەکی ئاگاهانەیە بۆ پەراوێزخستن و سواندنەوەی جەستە و دەروونی ژنانی تێکۆشەر. ڕاپۆرتی بەڵگەمەند لە ناو قرچەکەوە نیشانی دەدات کە ڕۆژانە تا پێنج سەعات لە گەمرترین سەعاتەکانی ڕۆژدا، بەرقی ئەم زیندانە قەتع دەبێت. نەبوونی هیچ جۆرە ئامێزێکی فێنک کردنەوە تەنانەت پەنکەیەکی سادە لە شوێنی داخراودا، بەبێ پەنجەرە و ئیمکاناتی گۆڕینی هەوا، بە مانای زیندانی کران لە کوورەیەکی سووتێنەردایە. ئەم بارودۆخە، لەگەڵ بۆنی ئاوەڕۆ و نم، ژیانێکی مەرگ ئاسای پێکهێناوە. بەم بارودۆخە بەشێکە لە سیاسەتێکی ئاگاهانە. لەناوبردنی بەرەبەرەی بارودۆخی ژیان بۆ بەندکراوان لەڕێگەی بێبەشکردنیان لە پێداویستییە سەرەتاییەکان، گەرما، هەوای پیس و بێ ئاوی، بەدخۆراکی و بێدەرمانی، ئەو ئەشکەنجە خامۆش و بێدەنگەیە کە ڕژیمی سەرکوتگەری ئیسلامی لە ئێران بۆ تێکشکاندنی وره و خۆڕاگری سیاسی بەکاری دێنێ. لەو زیندانەدا بۆ دەیان ژن تەنیا سێ حەمام و سێ توالێتی تێدایە. ئاوەڕۆی پیس و حەشەڕات، فەزای هەواخۆری کردووەتە شوێنی ئاڵودەبوون. ئەم بێ ئیمکاناتی و کەموکۆڕیانە بەتایبەت بۆ بەندکراوانی نەخۆش و بەساڵاچوو، بارودۆخێکی مەرگباری پێکهێناوە. بەندکراوانی وەک ئازەر کروەندی بە نەخۆشی دڵەوە، مەولوود سەفایی بە فتقی دیافراگم و لەدەستدانی بینایی، وە ڕاحلە ڕاحمی پور بە کەم ئەندامییەوە، تەنیا چەند نموونەن بۆ نیشاندانی ئەو قەیرانە ئینسانییەی لە قرچەک لەئارادایە. ئەم بەندکراوانە لە مۆڵەتی پزیشکی، لە دەرمانی پێویست و لە پشکنینی پزشکی بەردەوام بێبەری کراون.

هەڵکوتانە سەر بەندی ژنانی ئێڤین و گواستنەوەی زۆرەملێی زیندانیانی سیاسی بۆ قەرچەک، بەشێک لە سیاسەتی حکوومەت بۆ تێکشکاندنی تۆڕەکانی هاوپشتی و جیاکردنەوەی تێکۆشەران و دروستکردنی شۆکی دەروونی بوو. ژنان لە دەستڕاگەیشتن بە کتێبخانە، پەیوەندی تایبەت لەگەڵ پزیشک، پەیوەندی بەردەوام لەگەڵ بنەماڵە و تەنانەت لە بەدواداچوونی یاسایی مافەکانیان بێبەرین. ئەم کردەوەیە بەشێک لە مەنتقی دەسەڵاتی سەمایەداری ئیسلامییە. پچڕاندنی پەیوەندەکانی خەبات و گەمارۆدانی هێزە پێشڕەوەکان لە خراپترین بارودۆخدا، بۆ ئەوەیە کە نەک هەر جەستەیان بەڵکوو ئیرادەی بەکۆمەڵیشیان هیلاک و لاواز بکەن.

زیندانی قرچەک لە زۆر پێشترەوە بەهۆی قەرەباڵغبوون، توندوتیژی سیستماتیک لەدژی ژنان، و نەبوونی خزمەتگوزاری دەرمانی، بەدناو بوو. بەڵام دوای ڕەوانەکردنی زیندانیانی سیاسی ژن لە ئێوینەوە، ئەم شوێنە بوو بە ناوەندێکی تازەی ئەشکەنجە. ئەشکەنجەیەک کە تێیدا ئامرازی سەرەکی، گەرما و پیسی و بێ دەرمانی و بێ مافی بەردەوامە. ئەم شێوەیە لە ئەشکەنجە "خامۆش و بێدەنگ"ە، بەڵام کاریگەرییەکەی زۆر قووڵتر و پایدارتر لە توندوتیژی و لێدانە. ئاکامەکەی زیانی قورسی جەستەیی، دەروونی و لەناوبردنی توانای خەباتە. بەندکراوانی سیاسی لە ئێران لە سێ توێژی ستەمدا گرفتارن. ستەمی چینایەتی کە هەر تێکۆشەرێکی بواری کرێکاران، موعەلیمان و چالاکانی کۆمەڵایەتی دیکە دەکاتە ئامانج. ستەمی جنسیەتی کە لە پێکهاتەی پیاوسالاری کۆماری ئیسلامیدا نهادینەیە. وە ستەمی سیاسی کە سزای خۆڕاگری و وەستانەوەیە بەرامبەر بەم نەزمە زاڵە. قرچەک شوێنی سەپاندنی ئەم سێ جۆرە لە ستەمە. پێکهاتەیەک لە بارودۆخی نامرۆڤانەی کاری زۆرەملی، توندوتیژی جنسیەتی و سڕینەوەی سیاسی. بەڵام سەرەڕای هەموو ئەم فشارانە ژنانی بەندکراوی سیاسی هەروا بەشێوازی جۆراوجۆر لە خەبات و خۆڕاگرییان بەردەوامن. بۆ نموونە نووسینی نامەی کراوە بۆ گەیاندنی هەواڵ و زانیاری بۆ دەرەوەی زیندان، مانگرتن لە خواردن و پاراستنی هاوپشتی. ئەم موقاومەتە ئەگەرچی لەژێر سێبەری هەڕەشەی بەردەوام و بارودۆخێکی مەرگباردا بەڕێوەدەچێت، بەڵام وەبیرهێنەرەوەی ئەوەیە کە کۆماری ئیسلامی ناتوانێ ئیرادەی شۆڕشگێڕانە دامرکێنێ و خامۆشی بکات

زیندانی قرچەک لە هاوینی ١٤٠٤دا دیمەنێکی تەواومان لە مەنتقی نیزامی سەرمایەداری ئیسلامی لە ئێران پێ نیشان دەدات. تەنیا ڕێگای کۆتایی هێنان بەم چەرخەیە نەک ئومێد بەستن بە ئیسلاحات لە سەرەوە، نەک ئومێد بەستن بە پرۆژەی ڕژیم چەینجی ئۆپۆزیسیۆنی خوازیاری دەستوەردانی دەسەڵاتی دەرەکی، بەڵکوو یەکگرتوویی و ڕێکخستنی چینایەتی کرێکاران، ڕێکخستی جەماوەری لەسەر بەستێنی گەشەی بزووتنەوە کۆمەڵایەتی و ناڕەزایەتییەکان و ئامادەکردنی پێداویستییەکانی ڕووخاندنی شۆڕشگێڕانەی کۆماری ئیسلامییە.

ئەزموون و مێژوو نیشانی داوە کە هێزی خۆڕاگری و موقاومەتی بەندکراوانی سیاسی لە بارودۆخی ئەشکەنجەدا دەتوانین بە پەرەپێدانی تۆڕەکانی هاوپشتی لە دەرەوەی زیندان بەهێز بکەین. خەبات و خۆڕاگری ئەم ئینسانە تێکۆشەرانە دەبێ لە دەرەوەی زیندانەکان لە هاواری زیندانی سیاسی دەبێ ئازاد بکرێ، لە ناڕەزایەتییە کرێکاری و جەماوەرییەکاندا دەنگ بداتەوە


❊❊❊



## تووڕەیی و ناڕەزایەتی گشتی لەئاست بڕانی بەردەوامی بەرق

هاوینی ساڵی ١٤٠٤ لە ئێران بە توندتربوونەوەی قەیرانی بەرق دەستی پێکرد. کێشەی کەمبوونی بەرق بۆ ٢٣ هەزار مێگاوات واتە نزیکەی یەک لەسەر سێی مەسرەفی هەموو وڵات پەرەی ئەستاند. بڕینی بەرنامەڕێژی کراوی کارەبا کە سەرەتا دوو سەعات لە ڕۆژدابوو، بەخێرایی بۆ چوار سەعات زیاد کرا و لە هەندێک لە ناوچەکان ٦ هەتا ٨ سەعات ڕاگەیەندراوە. لە تاران و چەند شاری دیکە بڕانی کارەبا ڕۆژانە چوار سەعات درێژەی بووە کە زۆر جار بە بێ ئاگارکردنەوەی پێشوو بووە

بەپێی ئاماری ناوەندی لێکۆڵینەوەی ژووری بازرگانی، ناوەندە سەنعەتییەکانی ئێران ڕۆژانە زیاتر لە ٩ ملیارد تمەن بەهۆی پچڕانی بەرقەوە زیانیان بەردەکەوێت. جگە لەوەش، لەگەڵ



بەردەوامی ئەم قەیرانە، گشت ئابووری ئێران ڕۆژانە ١٨ ملیارد تمەن زیانی بەردەکەوێت کە زیاتر لە ٥١٪ی پەیوەندی بە کەرتی پیشەسازییەوە هەیە. ئەم ئامارانە ئەوە دەردەخەن کە قەیرانی بەرق تەنها کاریگەری لەسەر ژیانی ڕۆژانەی خەڵک نەبووە، بەڵکوو فشاری خستووەتە سەر ناوەندە سەرەکییە ئابوورییەکانی وڵات. ئەو ناوەندانەی کە ژیانی ملیۆنان کرێکار و بنەماڵەکانیان پێی وابەستەن

شێوازی خامۆشییەکان، ڕوخساری ئاشکرای نابەرابەری چینایەتیمان پێ نیشان دەدات. ناوچەکانی باکووری تاران کە شوێنی ناوەندەکانی ڕژیمن کەمتر لە یەک لەسەد خامۆشی تەجروبە دەکەن. ئەوەش لە کاتێکدایە کە ناوچەکانی باشووری تاران زیاتر لە ٣٠٪ ی خامۆشی و بڕانی بەرقیان بەسەردا سەپاوە. لە پارێزگاکانی وەک خوزستان، بوشێهر و هورمزگان پلەی گەرما لە سەرووی ٤٥ و پچڕانی درێژخایەنی بەرق، بارودۆخێکی تاقەت پڕووکێنی دروستکردووە و شەپۆلێکی لە ناڕەزایەتی خستووەتە ڕێ. لە زۆرێک لە شارەکان، لە سەبزەوار و خەڵخاڵەوە تا شارۆچکەکانی باشووری وڵات، خەڵک لە گەرمای بەتین و تاریکی ئیجباریدا ڕژانە سەر شەقامەکان. دروشمەکانی وەک "ئاو، بەرق ،ژیان مافی ڕەوامانە" بووەتە دەنگی هاوبەشی ناڕەزایەتییەکان. لە سەبزەوار کۆبوونەوەکانی بەردەم پارێزگا بوون بە ناڕەزایەتییەکی بەرین لەدژی بڕانی بەرق و ئاو.

بڕانی بەردەوامی بەرق و بێ ئاوی، بەپێچەوانەی پڕوپاگەندەی فەرمی، نە بەهۆکاری بارودۆخی تایبەت یان قەیرانی جیهانی وزە بەڵکوو لە ئاکامی دەیان ساڵ کەمتەرخەمی و بایەخ نەدان

بە پێداویستییە کۆمەڵایەتییەکان و وێرانکردنی سیستماتیکی ژێرخانەکانە. رژیم سەرمایەداری کۆماری ئیسلامی، کە سەرچاوە گشتییەکانی خستووەتە خزمەت گرووپ و تاقمەکانی دەسەڵات، لە جیاتی وەبەرهێنان بۆ گەشەی پایداری تۆڕی بەرق و مودیرییەتی زانستی ئاو، سەدان ملیارد دۆلاری بۆ پەرەپێدانی سەنعەتی نیزامی، بەرهەمهێنانی مووشەکی بالستیک و پشتیوانی لە هێزە نیابەتییە کۆنەپەرستەکانی ناوچەکە تەرخان کردووە. لەماوەی ئەم ساڵانەدا دابین کردنی هێزی نیزامی بۆ سەرکوتی ناوخۆیی و دەستێوەردانی دەرەکی و دابین کردنی بەرژەوەندی ئۆلیگارشی سیاسی – ئابووری سەربە سپای پاسداران و ناوەندە ئەمنیەتییەکان، بەکردەوە وەبەرهێنانی لە بواری بەهێزکردنی ژێرخانەکانی بەرهەمهێنان و گەیاندنی بەرق و خزمەتگوزارییەکانی دیکەی خەڵک، خستووەتە پەراوێزەوە.



ئەوەش لە کاتێکدایە کە خەڵک لە گەرمای تاقەتپڕووکێن و لە بێ بەرقی و بێ ئاویدا، نە تەنیا ئازاری جەستەیی بەڵکوو فشاری دەروونی قورسیشیان بەسەردا دەسەپێت. لەلایەکی دیکەوە، داخرانی ئیجباری کارخانەکان و ناوەندەکانی کار بەهۆی قەیرانی بەرق، بیانوو دەداتە خاوەنکاران بۆ ئەوەی حەقدەستی کرێکاران نەدەن. ئەم بارودۆخە لەگەڵ پەرەسەندنی سەرکوت و دەستبەسەرکردن، بزووتنەوەی کرێکاری خستووەتە هەلومەرجێکی دژوارترەوە.

قەیرانی بەرق و پەرەسەندنی خامۆشییەکان، کەمبوونی ئاو، گرانی نان و لەناوبردنی ژینگە دیمەن گەلێک لە نەهامەتییەکانی نیزامی سەرمایەداری ژێر دەسەڵاتی کۆماری ئیسلامییە. ئەوەیکە لە بارودۆخی قەیرانی ئابووری و پرتووکاوی ژێرخانەکاندا، ملیاردها دۆلار دەکرێتە خەرجی پڕۆژەی مووشەکی و ئەتۆمی و دابینکردنی گرووپە چەکدارەکانی ناوچەکە، بابەتێکی بەڕێکەوت نییە. کوتانی تەپڵی سیاسەتی شەڕەنگێزانە بە ئامانجی بەلارێدابردنی بیروڕای گشتی لە قەیرانە ناوخۆییەکان لە خزمەت مانەوەی دەسەڵاتی ڕژیمی ئیسلامیدایە. بەڵام ئەم سیاسەتە بەهاکەی پەرەسەندنی قەیرانی ناوخۆیی و فشاری ئابووری قورستر بەسەر خەڵکدا بووە

ناڕەزایەتی لەدژی بڕانی بەرق و بێ ئاوی درێژەی مانگرتنەکانی کرێکاران، خەباتی موعەلیمان، ناڕەزایەتی خانەنشینان لەدژی ئەو بارودۆخە فەلاکەتبارەیە کە ڕژیمی کۆماری ئیسلامی بەسەر کرێکاران و زۆرینەی کۆمەڵگایدا سەپاندووە. بۆ کۆتایی هێنان بەم بارودۆخە ڕێگایەک بێجگەلە پەرەپێدانی بزووتنەوە کۆمەڵایەتی و ناڕەزایەتییەکان و بەهێزکردنی ڕێکخستنی ئەم بزووتنەوانە لەسەر بەستێنی ئەم ناڕەزایەتییانە بوونی نییە.

❊❊❊

## کەمپەینی سێشەممەکانی نا بۆ ئێعدام لە هەشتاهەمین حەفتەدا؛ پێویستە پشتیوانی لەم هەڵمەتە هەرچی زیاتر پەرەپێبدەین

سزای ئێعدام بەدەر لەوەیکە لە چ شوێنێک و بەدەست چ ڕژیمێک بەکردەوە دەردێت، قەتڵی دەوڵەتی و تاوانێکی ڕێکخراوە. سەرانی دەسەڵاتی ئیسلامی سەرمایەداران ئەم جەنایەتە لەژێرناوی دیفاع لە ئەمنیەتی گشتی، ڕێگری لە ئەنجامدانی تاوان و دابینکردنی مافی هاووڵاتییان، بەڕێوەدەبەن. ئەوەش لە حاڵێکدایە کە ئەزموونی هەموو وڵاتانی جیهان نیشانی داوە کە بەڕێوەبردنی ئەم سزایە نەتەنیا کاریگەری بەرپێگرانەی نییە، بەڵکوو دەبێتە هۆی پەرەسەندنی توندوتیژی لەئاستی کۆمەڵگە و کەمبوونەوەی ڕێز و حورمەتی ئینسانەکان. سەرانی ڕژیم بۆ ئەم کوشتنە لەئانقەست و ڕێکخراوە، یاسایان داڕشتووە و قازییان بۆ داناوە و جەلادیان بۆ جێبەجێکردنی حوکم دیاری کردووە

داڕشتنی ئەم یاسایانە و پێکهێنانی ئۆرگانی دیاریکردن و بەکردەوەدەرهێنانی حوکم بە خەرجی کۆمەڵگە، بۆ ئەوان کەم هەزینەتر لە چارەسەرکردنی ئەو کێشە و گرفتە کۆمەڵایەتییانەیە کە بوونەتە هۆکاری تاوان و جەنایەت. لەڕاستیدا کۆماری ئیسلامی بە جێبەجێ کردنی سزای ئێعدام ئەوپەڕی داماوی و بێتوانایی خۆی لەئاست ڕیشەکێش کردنی تاوان و ئازارە کۆمەڵایەتییەکان نیشان دەدات. بێگومان نیزامێک کە ئامرازی دیفاعەکەی جەلاد بێت، حورمەتێک بۆ مرۆڤ دانانێت و لەناوبردنی نەیارانی بە بابەتێکی ئاسایی دەزانێت و بە دیفاع لە حورمەت و ماف و ئەمنییەتی هاووڵاتییانی لەقەڵەم دەدات. کارنامەی کۆماری ئیسلامی ئەوپەڕی ئەم وەحشیگەرییە نیشان دەدات

درێژەی شەپۆلی ئێعدامەکان نیشانەی ئەو واقعییەتەیە کە ڕژیم بۆ ڕاگرتنی دەسەڵاتەکەی هیچ ڕێگایەکی بێجگەلە سەرکوت، ئێعدام و ئەشکەنجە نییە. ئەم دەسەڵاتە ڕەمزی مانەوەی خۆی لە پشت بەستن بە ستراتێژی سەرکوتدا دەبینێت. تەنانەت کاتێک تاوانبارانی ئاساییش ئێعدام دەکات، ئامانجی چاوترسێن کردنی کۆمەڵگە و ترساندنی نەیارانی نیزام و بەتایبەت ئەوانەیە کە سوورن لەسەر ئەوەیکە بەشێوەی شۆڕشگێڕانە ڕژیم بڕووخێنن. بەڵام سەرەڕای هەموو بێبەزەیەتی و وەحشیگەرییەک کە ڕژیم دەینوێنێت، شەپۆلی ئێعدام و سەرکوت، کۆمەڵگەی چاوترسێن نەکردووە و خەبات لەدژی سزای ئێعدام و بۆ ئازادی زیندانییانی سیاسی ڕۆژ لەدوای ڕۆژ زیاتر گەشە دەکات

کەمپەینی سێشەممەکانی نا بۆ ئێعدام لە هەشتاهەمین حەفتەدا و لە ٤٨ زیندانی ئێراندا، لەڕێگەی بەیاننامەیەکەوە لە ڕێکەوتی ١٤ی گەلاوێژی ١٤٠٤ی هەتاوی وێڕای ڕێزگرتن لە ١١٩هەمین ساڵڕۆژی ئینقلابی مەشرووتە، پشتیوانی تەواوی خۆی لە زیندانییانی سیاسی واحیدی ٤ی قزڵحەسار ڕاگەیاندووە. لەم بەیاننامەیەدا هاتووە

"هەشتاهەمین حەفتەی کەمپەینی سێشەممەکانی نا بۆ ئێعدام لە کاتێکدا دەستپێدەکەین کە لە حەفتەی ڕابردووەوە هەتا ئێستا لانیکەم ٣٠ کەس لە زیندانییەکان لەوانە دوو ژن ئێعدام کراون و ئێعدامێکیش لەبەرچاوی خەڵک جێبەجێ کراوە و چەرخەی توندوتیژی و ئێعدام بێ پسانەوە درێژەی هەیە. حەفتەی ڕابردوو، لە کردەوەیەکی ئەوپەڕی وەحشیانە و دژەئینسانیدا، حکوومەت ئەنگوستی سێ بەندکراوی لە زیندانی ورمێ پەڕاند. ڕێکخراوی لێبوردنی نێونەتەوەیی لە بەیاننامەیەکدا بە توندی ئەم کردەوەیەی ئیدانە کرد و دەسەڵاتی دادوەری بە "چەرخ دەندەی ماشێنی ئەشکەنجە" ناوبرد. ڕاپۆرتدەری تایبەت، خانمی مای ساتۆ، ئەم کردەوەیەی "نامرۆڤانە و تێکەڵ بە سووکایەتی" وەسف کرد"




"هەشتاهەمین حەفتەی کەمپەین لە هەلومەرجێکدا دەستپێدەکەین کە هێشتا لە چارەنووسی ژمارەیەک لە ئەندامانی کەمپەین لە واحیدی ٤ی زیندانی قزڵحەسار هیچ زانیارییەک لەبەردەستدا نییە. ئەوان لە ڕێکەوتی ٤ی گەلاوێژدا لەلایەن گارد و مەئموورانی ئەمنیەتییەوە هێرشیان کرایە سەر و بەتوندی درانە بەر توندوتیژی و بۆ ژووری تاکەکەسی بەندی ئەمنی واحیدی سێ ڕاگوێزران. هەندێکیان دوای ٥ ڕۆژ گەڕێندرانەوە بۆ زیندان. بەندی سیاسی بە تەواوی ئەمنیەتی و داخراوە و چەندین کامێرایان لەوێ داناوە. چارەنووسی پێنج کەسیان لەوانە: لۆقمان ئەمین پوور، حەمزە سەواری، ڕەزا سەلمانزادە، سپێهر ئیمامجومعە، و مستەفا ڕەمەزانی، بۆ ئێمەش ناڕوونە. زەرتۆشت ئەحمەدی ڕاغب دووبارە ڕەوانەی بەندی ئەمنی کراوەتەوە. وەزعییەتی سەعید ماسووری زۆر جێی نیگەرانییە و تەنیا ئەوەندە دەزانین کە زیندانی زاهیدان وەرینەگرتووە و لەئێستادا لە ژووری تاکەکەسی بەندی تایبەتی واحیدی یەکی زیندانی قزڵحەساردا لە بارودۆخێکی سەخت و لە بیلاتەکلیفیدا بەسەر دەبات. ئێمە، ئەندامانی کەمپەینی سێشەممەکانی نا بۆ ئێعدام، وێڕای مەحکووم کردنی هێرشی وەحشیانە بۆسەر بەندکراوان و ئازار و ئەشکەنجەیان، سڵاو و دروود دەنێرین بۆ موقاومەت و خۆڕاگری یارانی سەربەدار و خەباتکارمان. سوپاسی هەموو ئەو کەسانە دەکەین کە لە ڕەنگدانەوەی دەرد و ڕەنجی بەندکراواندا دەورونەخشیان هەیە"

کەمپەینی سێشەممەکانی نا بۆ ئێعدام لەم بەیاننامەیەدا ڕایگەیاندووە کە: "ئامانجی پەرەپێدانی ئێعدام، سەرکوت، بڕینی دەست و سەپاندنی توندوتیژی بێسنوور و بەردەوام، شتێک نییە بێجگەلە پەرەپێدانی ترس و تۆقاندن و کپ کردنی دەنگی کۆمەڵگا. ئەو کۆمەڵگایەی کە لە شۆڕشی مەشرووتە

لە ساڵی ١٢٨٥ی هەتاوییەوە هەتا ئێستا، تینووی دادپەروەری و ئازادییە و لەسەر کەرامەتی ئینسانی و مافی دیاریکردنی چارەنووسی خۆی پێداگری دەکات و بەهاکەشی بەردەوام بە زیندان و ئێعدام و ئەشکەنجە داوە"

کەمپەین، لە هەموو ویژدانێکی وەخەبەر و ئازادیخواز – چ لە ناوەوە و چ لەئاستی نێونەتەوەیی – داوا دەکات کە هاواری "نا بۆ ئێعدام" لەڕێگەی پشتیوانی چالاکانە لە کەمپەینی سێشەممەکانی نا بۆ ئێعدام هەرچی زیاتر بەرز بکەنەوە. پەرەپێدانی ئەم کەمپەینە سەرەڕای هەوڵی حکومەت و پشتیوانە ئاشکرا و نهێنییەکانی، بە هەموو ئیمکاناتەوە بخەنە دەستووری کاریانەوە.

کەمپەینی سێشەممەکانی نا بۆ ئێعدام لە کۆتاییدا ڕایگەیاندووە کە ڕۆژی سێشەممە ١٤ی مانگی گەلاوێژ، یارانی ئێمە لە بەندی ئەمنی و بەندی تایبەتی قزڵحەسار لەگەڵ ٤٨ زیندانی ئەندامی کەمپەینی سێشەممەکانی نا بۆ ئێعدام،




مانگرتن لە خواردن بەڕێوەدەبەن

ڕژیمی کۆماری ئیسلامی کە لەناو قەیرانی قووڵی ئابووری، سیاسی، ئیدئۆلۆژیک و حکوومەتیدا دەست و پێ لێدەدات و توانای دابینکردنی لانیکەمەکانی ژیان، نان، ئاو، بەرق و تەنانەت هەوای پاکی بۆ هەناسەکێشان نییە، شمشێری لە ڕووەوە بەستووە و هەموو ڕۆژێ خەڵک ئێعدام دەکات. لەم بارودۆخەدا پێویستە بە هەر شێوەیەک کە دەتوانین لە هەڵمەتی "نا بۆ ئێعدام" پشتیوانی بکەین. چالاکان و ڕێبەرانی بزووتنەوەی کرێکاری، بزووتنەوەی ژنان و باقی بزووتنەوە پێشڕەوە کۆمەڵایەتییەکان پێویستە بە پەیوەندی و هاکاری لەگەڵ یەکتر، توانا و وزەی خۆیان لەپێناو سەرتاسەری کردنەوەی مانگرتنی کرێکاری و ناڕەزایەتی جەماوەری بۆ زەمینگیرکردنی ماشێنی ئێعدام و سەرکوتی دەوڵەت بەکار بێنن

ناڕەزایەتی دژبە سزای ئێعدام و کوشتنی لەئانقەستی دەوڵەت، بەدەر لەوەیکە ئەم سزایە بۆ لەناوبردنی زیندانیانی سیاسی بێت یان تاوانبارانی ئاسایی، ئەرکی هەموو ئەو ئینسانانەیە کە ئاسۆی ڕزگاری لە دواڕۆژی ڕووخاندنی ڕژیمی کۆماری ئیسلامی مژدە دەدەن. کۆمۆنیستەکان ڕاشکاوانە ڕایدەگەیەنن کە خوازیاری هەڵوەشاندنەوەی سزای ئێعدامن و بۆ نەمانی ئەم سزایە لێبڕاوانە خەبات دەکەن

***

# گەڵاڵەی دژی حەقیقەت و مەنتقی شەڕی دایمی کۆماری ئیسلامی لەگەڵ خەڵک

تەنیا دوو ڕۆژ دوای پەسەند کردنی بەپەلەی گەڵاڵەی "بەرەنگاربوونەوە لەگەڵ هەواڵی ناڕاست لە فەزای مەجازیدا"، هەیئەتی دەوڵەتی کۆماری ئیسلامی، لەژێر فشاری توورەیی بیروڕای گشتیدا، وەریگرتەوە. بە وتەی وتەبێژی دەوڵەت "ئەم پاشەکشەیە بە تەئکیدی سەرۆک کۆمار و لە ڕاستای پاراستنی یەکڕیزی میلیدا ئەنجامدراوە". بەڵام حەقیقەت بانتر لە وشەی دیپلۆماتیک و لە یارییە سیاسییەکانە. ئەوەی دەیبینین، واتە هەم پەسندکردن و هەم وەرگرتنەوەی ئەم گەڵاڵەیە، بەشێک لە ستراتیژی مانەوەی حکوومەتێکە کە بەردەوام دژبە خەڵک لە شەڕدایە

ئەم گەڵاڵەیە، بەو ناوە چەواشەکارانەیەوە، بە شوێن هەمان ئامانجەوە بوو کە لەماوەی ساڵانی ڕابردوودا لە ڕێگەی پیلان و یاسا و ڕێوشوێنە ئەمنییەکانی ترەوە پەیڕەو کراوە. سەرکوتکردنی ئازادی ڕادەربڕین و کۆنترۆڵکردنی هەواڵ و لەناوبردنی فیزیکی یان مەجازی دەنگی ناڕازی، هەمیشە بەشێک بووە لە ستراتیژی مانەوەی کۆماری ئیسلامی. ئامانجی ئەم پرۆژەیە نەک ڕێگریکردن لە بڵاوبوونەوەی هەواڵی ناڕاست، بەڵکوو بێدەنگکردنی حەقیقەت و بێدەنگکردنی هەر ڕەوایەتێکی بەدیل بوو. ئەم یاسایە کە چالاکان و ڕۆژنامەوانان و بەکارهێنەرانی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان و تەنانەت هاوڵاتیانی ئاسایی دەکردە ئامانج، بەشێک لە ماشێنی جەنگی ڕژێمی ئیسلامی لە دژی کۆمەڵگا و جەماوەری ناڕازییە

لە لۆژیکی چینی دەسەڵاتدارا، هەر وتارێکی ڕەخنەگرانە یان گێڕانەوەیەکی جیاواز، وەک هەڕەشە بۆ سەر ئاسایشی نەتەوەیی دادەنرێت. گەڵاڵەگەلێکی لەم شێوەیە، هەروەک ئێعدام، دەستبەسەرکردنی بەکۆمەڵ، خاڵی پشکنینی سەر شەقامەکان و کۆنترۆڵکردنی فەزای مەجازی، بۆ سەپاندنی کەشوهەوای شەڕی دایمییە.

وەرگرتنەوەی ئەم گەڵاڵەیە نیشانەی ترسی ڕژیم و حەرەکەتێکی تاکتیکی بۆ ڕێگری کردن لە تەقینەوەی توورەیی و ناڕەزایەتی جەماوەری بوو. دەسەڵات لە هەڵسەنگاندنەکانی خۆیدا بەوە گەیشتووە کە هاوکات لەگەڵ پەرەپێدانی سەرکوت، بەم مانۆڕە سیاسی و فریوکارانەیە بیروڕای گشتی بەلاڕێدا بەرێت و لە لێکهەڵوەشانی پێکهاتە سەرکوتگەرەکەی ڕێگری بکات. دروست هەر بەم هۆکارە، وەرگرتنەوەی ئەم گەڵاڵەیە نەک بەمانای ڕاگرتنی سەرکوت، بەڵکوو نیشانەی هەوڵ بۆ مودیرییەتی باشتریەتی

ڕژیمی کۆماری ئیسلامی لە بارودۆخێکدا ئەم پاشەکشەیەی ئەنجام دا کە تەنیا چەند حەفتە لە کۆتایی شەڕی دوازدە ڕۆژە تێپەڕیوە. ئەو شەڕەی مەشرووعییەت و ئیعتباری ڕژیمی زیاتر لە ڕابردوو بردە ژێر پرسیارەوە و قەیرانە ناوخۆییەکانی توندتر کردووەتەوە. ئاکامی ئابووری، کۆمەڵایەتی و دەروونی ئەم شەڕە و ترس لە تەقینەوە کۆمەڵایەتییەکان، دەسەڵاتی بەرەو جۆرێک لە پاشەکشەی تاکتیکی بردووە. بەشێک لە دەسەڵات دەزانێ کە درێژەی سیاسەتی مشتی ئاسنین دەتوانێ ئەو یەکڕیزییە لاوازەی بە سەختی ڕایانگرتووە، لەناو بەرێت.

کۆماری ئیسلامی لە یەکێک لە هەستیارترین قۆناغەکانی تەمەنیدایە. لەلایەکەوە قەیرانە ناوخۆییەکان توندتر بوونەوە و ڕەهەندەکانی هەژاری و نەهامەتی ئابووری و قووڵبوونەوەی بۆشایی نێوان هەژاری و سەروەت و ڕەهەندەکانی هەڵاواردن و نادادپەروەری تورەیی و ناڕەزایی خەڵکیان گەیاندۆتە لێواری تەقینەوە. لە لایەکی دیکەوە هەڕەشە و گوشارە




کۆنترۆڵکراوەکانی زلهێزە ئیمپریالیستەکان بۆ ڕامکردنی نیزامی ئیسلامی لەگەڵ نەزمی ناوچەیی خوازراویان، سەرانی ڕژیمی خستۆتە دۆخێکەوە کە دەبێ هاوسەنگی لە نێوان چرکردنەوەی سەرکوت لە ناوخۆ و دانوستان و سازشکردن لەگەڵ زلهێزە دەرەکییەکان پێک بهێنن

لە وەها هەلومەرجێکدا ئەرکی تێکۆشەران و ڕێبەرانی چەپ و ڕادیکاڵ و سۆسیالیستی بزووتنەوەی کرێکاری و بزووتنەوە کۆمەڵایەتییەکانی دیکە، پەرەپێدانی بزووتنەوە کۆمەڵایەتی و ناڕەزایەتییەکانی ناو کۆمەڵگایە. تەنیا بە گەشە و پەرەپێدانی ناڕەزایەتی و مانگرتنی کرێکاری، خەباتی ژنان، خوێندکاران، دادخوازان و بە پەرەپێدانی بزووتنەوەی خەبات لەدژی سزای ئێعدام و خەبات بۆ ئازادی زیندانیانی سیاسییە کە دەتوانین بەستێنی پێگەیشتنی ئەم بزووتنەوانە لە بواری ڕێکخستن و شکڵدان بە ڕێبەری سەرتاسەری دابین بکەین. بزووتنەوە کۆمەڵایەتی و ناڕەزایەتییەکان لە ناوەوە و ئەو هێزە چەپە کۆمەڵایەتییەی کە هەموان دان بە بوونی دادەنێن، لەم مەسیرەوەیە کە دەتوانێ هەم بەرەنگاری ماشێنی سەرکوتی ڕژیمی هاری کۆماری ئیسلامی بێتەوە و زەمینگیری بکات و هەم لە سێناریۆی ڕژیم چەینج و دەست بە دەست بوونی دەسەڵاتی سیاسی لە سەرەوەی ئیرادەی جەماوەری کرێکار و زەحمەتکێش و خەڵکی ئازادیخوازی ئێران بە دەخاڵەتی دەسەڵاتە ئیمپریالیستەکان ڕێگری بکەن.

***

# کۆماری ئیسلامی لەژێر فشاری چەند لایەنە و لە مەسیری تەسلیمبووندایە

لە بارودۆخێکدا کە کۆماری ئیسلامی قەیرانی جۆراوجۆری ناوخۆیی و دەرەکی بەرۆکی گرتووە و توانای چارەسەرکردنی ئەم قەیرانانە و وڵامدانەوەی بە داخوازییەکانی جەماوەر نییە، کەوتووەتە لاوازترین پێگەوە. لە وەها هەلومەرجێکدا حکوومەتی ئیسلامی جیا لە نیگەرانی و ترس لە پەرەسەندنی مانگرتنی کرێکاری و ناڕەزایەتی بزووتنەوە کۆمەڵایەتییەکان، کە بەلەبەرچاوگرتنی بارودۆخی نالەباری ئابووری ئێستا حەتمی و چارەهەڵنەگرە، لە بواری دیپلۆماسی و موناسباتی ناوچەیی و جیهانیشەوە بەرەوڕووی کێشە و گرفتی جیددی بووەتەوە. لەلایەکەوە دەسەڵاتە ئوروپاییەکانی لایەنی بەرجام (فەڕانسە، ئاڵمان و بریتانیا) لە ماوەی مانگەکانی ڕابردوودا فشارەکانیان لەدژی کۆماری ئیسلامی لە پەیوەند لەگەڵ بەرنامەی ئەتۆمی زیاتر کردووە، وە ڕژیمیان بەپێی ڕێککەوتنی بەرجام



خستووەتە بەرامبەر دوو بژاردەی ڕاگرتنی پیتاندنی سەرووی ٣.٦٧٪ و هاوکاریی ڕاستەقینە لەگەڵ ئاژانسی نێودەوڵەتی وزەی ئەتۆمی، یان چالاک کردنی مێکانیزمی ماشە و گەڕاندنەوەی هەموو گەمارۆ هەڵگیراوەکان. لەلایەکی دیکەشەوە ئەمریکا لە پشتیوانی لە دەوڵەتی ئیسرائیلدا، هەڕەشەکانی دژبە کۆماری ئیسلامی چ لە پەیوەند لەگەڵ مەسەلەی ئەتۆمی و چ لە پەیوەند لەگەڵ ڕەوتە ئیسلامییە نیابەتییەکان بەردەوامە.

هەر لەو پێوەندییەدا ئاژانسی هەواڵی ڕۆیتێرز ڕۆژی پێنجشەممە ٢٣ی گەلاوێژ بە پشتبەستن بە سێ سەرچاوەی ئاگاداری ئێرانی ئاشکرای کرد کە: لە نێو دەسەڵاتدارانی کۆماری ئیسلامیدا، تێڕوانینی باو ئەوەیە کە دانوستان لەگەڵ ئەمریکا بە ئامانجی چارەسەرکردنی ناکۆکی دەیان ساڵە لە سەر بەرنامەی ئەتۆمی تاکە ڕێگایە بۆ ڕێگریکردن لە پەرەسەندنی زیاتری قەیران و گرژی و مەترسی ڕووخانی حکوومەتی ئیسلامی. تێچووی بەرینی ڕووبەڕووبوونەوەی نیزامی لەگەڵ ئەمریکا لەم ماوەیەدا هۆکارێک بووە کە عەلی خامنەیی بەرەو وتووێژ لەگەڵ ئەمریکا پاڵ پێوەناوە". لەم پێوەندییەدا خامنەیی و سەرکردەکانی دیکەی کۆماری ئیسلامی دەمێکە قبووڵیان کردووە کە جگە لە تەسلیمبوون لە بەرامبەر ئەمریکادا هیچ چارەیەکی دیکەیان نییە. هەڵوێستە دژبەیەکەکانی بەشێک لە بەرپرسانی حکوومەتی ئیسلامی لەم پێوەندییەدا بۆ نموونە ئەوەیکە عەباس عەراقچی وەزیری دەرەوەی ڕژیم مانگێک لەمەوبەر لە نامەیەکدا بۆ ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان ئیدیعای کردبوو کە: "سێ دەوڵەتی ئورووپایی بەرجام لە ڕووی یاساییەوە دەسەڵاتی چالاک کردنی مێکانیسمی ماشە و داسەپاندنی گەمارۆیان نییە"، یان ئەوەیکە حەفتەی ڕابردوو ڕایگەیاند کە: " ئاکامەکانی مێکانیسمی ماشە لەبەرچاوی خەڵک گەورە نیشان دراوە و زیاتر جەنبەی ڕەوانی هەیە، هەموو ئەوانە درۆ و پڕوپاگەندەی کۆماری ئیسلامییە کە ئامانجی فریودانی بیروڕای گشتی لە ناوەوەی ئێرانە.

لەم پێوەندییەدا، وەزیرانی دەرەوەی سێ حکوومەتی ترۆیکای بەرجام، ئیدیعای عەراقچییان بێ بنەما زانی و ڕایانگەیاند کە، یەکەم، بە پشتبەستن بە بڕگەکانی بڕیارنامەی ٢٢٣١ی ئەنجومەنی ئاسایش، هەریەک لەم سێ وڵاتە بە تەنیا دەتوانن میکانیزمی گەڕانەوەی سزاکان کارا بکەنەوە. دووهەم، لیستێکیان سەبارەت بە ئاستی پابەندبوونی کۆماری ئیسلامی بە بەڵێنەکانی بەرجام ئامادە و بڵاوکردووەتە. بۆ نموونە کەڵەکەکردنی ئۆرانیۆمی پیتێندراو بە ڕێژەی زیاتر لە سەدا٤٠ بەرابەری ئاستی ڕێگەپێدراو و هاوکاری نەکردن لەگەڵ بەرپرسانی ئاژانسی نێودەوڵەتی وزەی ئەتۆمی و هیتر، هەر هەموویان نیشانەی ئەوەیە کە ڕژیم بە بەڵێنەکانی بەرجام پابەند نەبووە. وەزیرانی دەرەوەی ئەم سێ حکوومەتە، لە وتووێژەکانیان لەگەڵ کۆماری ئیسلامی لە ئیستەنبوڵ مانگی ڕابردوو، هۆشدارییان دا کە ئەگەر کۆماری ئیسلامی ئاراستەیەکی ڕوون و بەرچاو بۆ دۆزینەوەی چارەسەری دیپلۆماتیک نیشان نەدات و لە دەرفەتی سنووورداری درێژکردنەوەی دانوستانەکان تا کۆتایی مانگی ئاگۆست کەڵک وەرنەگرێت، دەستبەجێ ڕەوتی گەڕاندنەوەی گەمارۆکان دەستپێدەکەنەوە. هەر لەم پێوەندییەدا، ڕۆژنامەی فایناشڵ تایمز لە ڕاپۆرتێکدا بڵاوی کردەوە کە وەزیرانی دەرەوەی سێ حکوومەتی مەبەست، ڕۆژی سێشەممە ١١ی پووشپەڕ لە نامەیەکی واژۆکراودا بۆ ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان، ئامادەیی خۆیان بۆ چالاککردنی میکانیزمی ماشە لەدژی کۆماری ئیسلامی ڕاگەیاندووە

لە وەها هەلومەرجێکدا، ڕێکەوتی ٢٠ی گەلاوێژ، نامەیەکی نهێنی و هۆشدارئامێزی وەزارەتی ئیتلاعات سەبارەت بە ئاکامە مەترسیدارەکانی چالاک کردنی میکانیزمی ماشە کە ئاراستەی ڕێبەران و فەرماندە باڵاکانی سپای پاسداران کرابوو، ئاشکرا بوو. لەو نامە نهێنییەدا، حکوومەتی ئیسلامی بە نیگەرانی تەواوەوە ئاکامەکانی چالاک کردنی مێکانیسمی ماشە بە هەڕەشەیەکی جیددی بۆ ئابووری داڕماوی ڕژیم و بە مەترسییەکی گەورە بۆ ئەمنیەت و سەقامگیری ناوخۆیی ناو دەبات کە دەتوانێ ببێتە هۆی سەرهەڵدانی ناڕەزایەتی بەرینی کۆمەڵایەتی لەدژی کۆماری ئیسلامی. بۆ نموونە گەمارۆی بانکی و ڕاگیرانی تەواوی فرۆشتنی نەوت و سەنعەتی پێترۆشیمی، بێکاری بەرین و هاتنەخواری بەرچاوی توانای کڕینی خەڵک، داخرانی حیسابی چالاکانی ئابووری لە ناوەوە و دەرەوی وڵات و هەڕەشەی وەبەرهێنان، بیمە و ئەمنیەتی سایبێری، کەمبوونی دەرمان و پێداویستی سەرەتایی و پزیشکی و هیتر ئاماژەی پێکراوە کە دەبێتە هۆی پەرەسەندنی ناڕەزایەتی کۆمەڵایەتی

بەڵام مەترسییەکانی بەردەم کۆماری ئیسلامی تەنیا حکوومەتی ئەمریکا و دەوڵەتانی ترویکای بەرجام و گەڕاندنەوەی گەمارۆکان نییە. کۆماری ئیسلامی لە ئاستی ناوچەییشدا ڕووبەڕووی مەترسی هێرشی حکوومەتی شەڕخوازی نەتانیاهۆ بووەتەوە. ئەو ئاگربەستەی کە ترامپ لە کاتی شەڕی نێوان ئیسرائیل و کۆماری ئیسلامیدا بەپەلە و بێ دیالۆگ ڕایگەیاند، زۆر لاواز و ناسەقامگیرە. ڕێبەران و کاربەدەستانی نیزامی ئیسرائیل بە بەردەوامی بە زمانی تێکەڵ بە سووکایەتی، هەڕەشەی هێرشی نیزامی لەناو تاران لە خامنەیی و سەرکردەکانی دیکەی ڕژیم دەکەن. کۆماری ئیسلامییش ئەم هەڕەشانە بە جیددی وەردەگرێت. تا ئەو ڕادەیەی کە عەلی خامنەیی ڕۆژی پێنجشەممە ٢٣ی گەلاوێژ لە ڕێوڕەسمی کۆنەپەرستانە و فریوکارانەی ئەربەعین، کە لە حسێنییەکەی خۆیدا بەڕێوەچوو، بەشداری نەکرد.

نامەی هۆشدارئامێزی وەزارەتی ئیتلاعات بە ڕێبەران و بەرپرسانی حکوومەتی ئیسلامی لە کاتێکدا بۆ دەرەوە دزە دەکات کە کۆماری ئیسلامی لەگەڵ قەیرانی جۆراوجۆری کۆمەڵایەتی، بێکاری، هەژاری و برسیەتی، لەگەڵ هەڵاوسان و گرانی، لەگەڵ قەیرانی کەمبوونی ئاو، کارەبا، سووتەمەنی، لەگەڵ قەیرانی ژینگە و پیسبوونی هەوا و باقی قەیرانەکان بەرەوڕووە، کە دووکەڵی هەر هەموویان دەچێتە چاوی جەماوەری کرێکار و زەحمەتکێشی کۆمەڵگاوە. تەمەنی نەکبەتباری کۆماری ئیسلامی دەمێکە کۆتایی هاتووە. بێگومان مانگرتنی ڕێکخراو و سەرتاسەری کرێکاران لە ناوەندە سەرەکییەکان لەگەڵ گەشەی ناڕەزایەتی جەماوەری توێژەکانی دیکەی کۆمەڵگا، ئەو قودرەتەیە کە دەتوانێ هێزی سەرکوتی ڕژیم زەمینگیر بکات و گورزی نهایی لە جەستەی لاوازی ڕژیمی جنایەتکاری کۆماری ئیسلامی بدات و کۆمەڵگا لە چنگ ئەم دەسەڵاتە نگریسە ڕزگار بکات

***

بو بینینی ڕاستەوخۆی
تەلەڤیزیۆنی ئاڵتێرناتیڤی شورایی
-کەناڵی هاوبەشی هێزە چەپ و
کۆمۆنیستەکان سەردانی ئەم سایتە
بکەن:
alternative-shorai.tv

# شـێعر

## کەم شەو هەیە....

شیعر: چاوە

کەم شەو هەیە خەو نەبینم

بەو هیوایەی پێوە نووستووم

دەڵێن دڵت بە چی خۆشە؟!

گەر بە تەمای ئەو خولیایەت بۆ بێتە دی

دەی بنوو با بێتە خەوت!

من دەڵێم دڵم دەسووتێ بۆ ئەوانە وا

شەوانە

شەو لە دوای شەو

سەری بێ هیوا دەنێنە سەر سەرینی

خاترجەمی، دەنوون بێ خەو!

تا کۆتای شەو

ئەم دیو ئەو دیو جینگڵ دەدەن

ڕۆژ دەبێتەوە هەڵدەستن

شەکەت شەکەت

وەک ئەوەی کۆڵیان کێشاوە

ڕۆژی دواتر وەک دوێ و پێرێ و ڕۆژانی تر

ڕۆژگار درێژ، درێژ درێژ تا ئێوارە

ماندوو، مردوو،

هەڵچۆ، داچۆ

بۆ پارووێک یان پارەیێک

شەو دادێت و دیسان شەوگار شەق دەکەن

و دەگەن بە ڕۆژ

بێ خەو بینین

بێ هیوای ڕۆژێکی خۆشتر!

دە پێم بڵێن:

کوا ژیانە ئەو ژیانە؟

ژیان بە بێ خەوبینین و بە بێ هیوا

کوا ژیانە؟

❋❋❋




### کاتی دەسپێکی بەرنامەکانی تەلەڤیزیۆنی حیزبی کۆمۆنیستی ئێران و کۆمەڵە بە کاتی تاران :

دەسپێکی بەرنامەکان، ١٦:٣٠ ، چوار و نیوی ئێوارە
دوپاتەی دەوری ئەوەڵ، ٢٢:٣٠، دە و نیوی شەو
دوپاتەی دەوری دوهەم، ٤:٣٠، چوار و نیوی سەر لە بەیانی
دوپاتەی دەوری سێهەم، ١٠:٣٠، دە و نیوی بەیانی

پێشـــــــڕەو

ئۆرگـــانی کومیتەی ناوەندی کۆمـــەڵە (ڕێکخراوی کوردستانی حیزبی کۆمۆنیستی ئێران)

نوێنە رایە تیی کۆمە ڵە لە دە رە وە ی وڵات
representation.of.komala@gmail.com

ئیمەیلی دەفتەری پەیوەندییە نێونەتەوەییەکانی حیزب

international@cpiran.org

دەبیرخانەی حیزبی کۆمۆنیستی ئێران
dabirxane.cpi@gmail.com

ژمارەکانی پەیوەندی لەگەڵ تەشکیلاتی شارەکانی کوردستانی کۆمەڵە و حیزبی کۆمۆنیستی ئێران

٠٠٤٦٧٦٠٨٥٤٠١٥
٠٠٤٧٩٩٨٩٥٦٧٤
٠٠٤٣٦٦٠١١٩٥٩٠٧